۵

هەڵبژاردەیەک لە ئایدیا
بڵاوکراوەکانی فەیسبوک

# لە پوچییەوە
# تا بەرەنگاری

وەلید عومەر

# پێشەکی:

ئـەوەی لـەم کۆکراوەیـەدا هاتـووە، هەڵبژاردەیەکـە لـەو ئایدیایانـەی کـە لـە چـوار تـا پێنـج سـاڵی ڕابـردوودا لـە فـەزای مەجـازی بڵاوبوونەتـەوە. ئامانـج لـە کۆکردنەوەیـان ڕوونـە: یەکـەم، پاراسـتنیان لـە فەوتـان و بیرچوونـەوە. دووەم، ئاسـانکاری و بەردەسـتبوونیان بـۆ خوێندنـەوە. سـێیەم، چوونـە ژێـر بەرپرسـیاریی زۆرێـك لـەو شـتانەی کـە دەیڵێـین و دەینوسـین(بەتایبەت لـە فـەزای مەجازییـدا کـە پـتر وەك کـەشی بێبـاکی دەردەکەوێـت). ئەکاونت(هەژمـار)ی فەیسـبوك، گەرچـی لەڕواڵەتـدا دەتوانێـت ڕۆڵـی ئەرشـیف بگێڕێـت، بـەڵام بـە حوکمـی ئـەوەی سـەر بـە فەزایـەکی قەرەباڵغـترە ئـەوا ڕۆڵەکـەی کاڵدەبێتـەوە. کۆکردنـەوەی هەندێـك لەوبۆچـوون و سـەرنج و ستاتوسـانە لـە کتێبێـکی ئەلیکترۆنییـدا، ئاسـانکارییەکی زیاتـرە بـۆ خوێندنـەوە.

لـە ئاسـتی شەخسییشـدا، فەیسـبوك بـۆ بنـوسی ئـەم بۆچوونانـە، جۆرێـك بـووە لـە مەشـق و تەمرینـی نوسـین(گەرچی پێشـتر دارشتن-انشـاء-ی قوتابخانـە ڕۆڵـی بـۆ هـەر کەسـێك هەبـووە کـە عەشـقێکی بـۆ نوسـین هەبووبێـت). لـەم ماوەیـەدا کـە ئـەم فلاشـە کـورت و کەمتـازۆر درێژانـە نـوسراون، کۆمەڵێـك هەڵبەزودابـەز هەبـووە؛ جـا چ لـەڕووی فۆرمـەوە بووبێـت یـان نـاوەڕۆك. چ زمـان و دارشـتن و توانـای تەعبـیر بێـت، چ پاڵنـەری فیکـری و سیاسـییانە بووبێـت. لـە سـەرەتاکانەوە بیرێـکی کەمتـازۆر ڕەشـبینانە و نیهیلیسـتی هەیـە، پاشـان وەردەگەڕێـت بـۆ جۆرێـك لـە خوێ‌دنـەوەی سیسـتەم و بەرەنـگاری. بـەڵام لەڕاسـتیدا ئـەم وەرگەڕانـە، گەرچـی

پلەپلـە بـووە، بـەڵام پەیوەندییـەکی دیالەکیتکییـان بەیەکـەوە هەیـە: بەرەنـگاری دەتوانێـت چـارەی ئـەو ڕیشـە نیهیلیسـتییانە بێـت کـە هەسـتماندەکرد بێچـارەن. وەرچەرخـان لـە بیرکردنـەوەدا لـە قۆناغـەکانی گەنجییـدا، ئەگـەر وەرچەرخانێـکی تەدریجـی و پەیوەسـت بێـت، دەتوانێت ڕۆڵـی ئیجابیـی هەبێت بـۆ تێگەیشـتن لـە ڕابـردوو و ئێسـتاش. بـە مانایـەکی تـر، لەو زەمەنـەدا کـە ئـەم شـتانەی تیـا نـوسراوە، پرۆسـەی بەسـوبێکتبوون ئەزموونەکەیـن. سـوبێکت بەیـەك جـار نابێتـە سـوبێکت، بەڵکـو بـە گـۆڕان و صەیروورەیـەکی مێژووییـدا دەبێتـە سـوبێکت و کۆتایـی ئـەم پرۆسـەیەش داناخرێـت. سـادەتر: بـە گەڕانـەوە بـۆ دواوە، تێدەگەیـن بەشـێك بوویـن لـە سـیناریۆی بەسـوبێکتبوون، بەشـێك بوویـن لـە پرۆسـەیەك کـە ملکەچـی هەلومـەرج بـووە و بەڕەهایـی ئـیرادەی ئێمـە ئیـشی تیـا نەکـردووە. لـە سـەرەتدا گـەر جۆرێـك لـە جەبـر لـە ئایدیـا و پۆسـتەکاندا ببینرێـت، ئـەوا دواتـر وەردەگەڕێـت بـۆ خوێندنـەوەی سیسـتەم و تەرحکـردنی بەرەنـگاری. بۆیـە بەشـێوەیەکی» ڕوولەپـاش» و ڕیترۆئەکتیـڤ، تێدەگەیـن هیچـکام  لـە ئایدیـاکان زیـادە نەبـووە و دەتوانێـت بەشـێك بێـت بـۆ تێگەیشـتن لـە زەروورەتی بەرەنـگاری.

فیکـر دەبێـت لەسـەر هەمووشـت قسـەبکات. بەپێچەوانـەی ئـەو کلێشـە کوردییـەوە کـە دەڵێـت: نابێـت لەسـەر هەمووشـت قسـەبکەین. ئـەم (هەمـوو شـتە...) بـەو مانایـە نایـەت بـاسی فیزیـا و بـیرکاری بکرێـت، بەڵکـو بـەو مانایـە دێـت کـە هەمـوو دیاردەکان و شـتەکان قابیلی تێڕامانـن و فیکـر دەتوانێـت لێیـان وردببێتـەوە. ئـەم وردبونەوەیـە، بـە کەرەسـتەی تایبەتیـی فیکـر خـۆی ئەنجامدەدرێـت. فیکریـش لێـرەدا ناوێـکی گشـتییە بـۆ فەلسـەفە و دەروونشـیکاری و تەنانـەت نیشـانەناسی و دەروونناسـی و کۆمەڵناسی. ڕەنگـە لـە ئایدیایـەکی کورتـدا، پشـکی هەریەکـە لەوانـەی تێکەوێـت؛ بەبـێ ئـەوەی ناویـان بهێنرێـت و بـواری باسـکردنیان هەبێـت. پاشـان قەبـارەی ستاتوسـەکانی فەیسـبوك، زیاتـر بـواری ورووژانـدنی باسـێك دەدات، یـان مەجالـدەدات دەرەنجامـی کێشـەیەك بخەیتـەڕوو. زۆرجاریـش تەنیـا تەرحێـکی سـەرەتایی و کرچـوکاڵ بێـت و لـە کاتێـکی تـردا ئیـشی لەسـەر بکرێتـەوە. ئـەم ئایدیایا کۆکراوانـە، جـار هەیـە لـە زمانێـکی ئـەدەبی نزیکدەبنـەوە و جاریـش هەیـە کۆنکرێتـی و شـیکاری. لەکـۆی هەمووشـیاندا هەوڵـدراوە جۆرێـك لـە زمـانی نـوێ و داڕشـتنی نـوێ بهێنرێتـە ئـاراوە. لـەوەدا چەنـد سـەرکەوتوو بـووە، درەنگـتر دەردەکەوێـت. هـاوکات بەبـێ ئەخلاقیکردنـەوە و خاکیکردنـەوەش، دەبێـت

بڵێین مەشقی نوسین، خاڵی نیە لە هەڵەی تیۆری و پارادۆکس و ناکۆکیی فیکری. بەشی هەرەزۆری پۆستەکانیش کە کورت بوون و پارچەپارچە بوون، لە ناواخندا تەعبیرن لە پارچەبوونی دونیا خۆی. بەڵام ئەم پارچانە قابیلیەتی کۆکردنەوەیان هەیە و دەکرێت حەکایەتێکی گشتی بۆ ڕزگاری داتاشین و پارچە ناچونیەکەکان کۆبکەینەوە. سیستەم خۆی لە ڕوکنی جیاجیاوە سیمای خۆی دەردەخات و جاریش هەیە سیمای خۆی دەشارێتەوە. بەم پێیە، پێویستدەکات هەرجارە لە ڕوکنێکەوە هەوڵی بینین و خوێندنەوەی سیستەم بدەین.

پێش ئەوەی واڵی فەیسبوک وەك «ئیمکان»ێك دەرکەوێت، بێزارییەك لەلایەن نوخبەوە دەبینرا سەبارەت بە زۆر نوسین و زۆربوونی نوسین. بۆنمونە دەوترا: شارخەریکە هەمووی دەنوسێت، هەمووی بووە بە نوسەر. ڕیشەی ئەم قەناعەتە بۆ کۆمۆنیستێك زۆر نادیار نیە. چونکە نوسین پتر بۆ نوخبە بووە، بۆ نوخبەیەك بووە بەرەکەی بچنێتەوە ببێتە خاوەنی سەروەتێکی ڕەمزی. بەڵام لەڕاستیدا گرنگە بەرگری لە نوسین بکەین وەك پرسێکی گەنجانە و جەماوەری. زیندووکردنەوەی عەشقی نوسین بۆ زۆرینە، سڕینەوەی ئەو تەماعە شەخسییانەی نوسەرە کە کینەی دەرهەق بەوانیتر هەیە بنوسێت. نوسین شتێك نیە بکرێتە موڵکایەتیی تایبەت و ئەوانیتری لێ مەحرووم بکرێت. بەڵام ئەم نوسینەی ئێمە مەبەستمانە، نوسینێکە کە لە خزمەتی بەرەنگارییدا بێت. لەوپەڕی قووڵیی خۆیشیدا، ئەکتێکی بەرەنگارانە بێت. بەرەنگار هەر ئەوە نیە ڕاستەوخۆ ئیدیعای لێدانی سیستەم و دەسەڵات و نەریتە کۆنەکان بکەیت، بەڵکو مەبەستەکە پتر ستراتیژی نوسینە. بۆ دەنوسین؟ لە کۆدت و دەرەنجام دەمانەوێت چی بگات؟ ئەمەش لە پێناسەی نوسەربوونەوە دەستپێدەکات و دەبێت ئەو پێناسە نیهیلیستییە بۆ نوسەر تێکبشکێنین کە پێی وایە نوسین دوافیشەکە دەینێیت بە خۆتەوە و هیچ ارەیەکی ترن نیە. دەبێت شتێکی لەم جۆرە بڵێین: نوسین فیشەکێکە دەنرێت بەو فیگەرانەوە کە ئیمکانی ژیان بچوك و بەرتەسکدەنەوە. کە تادێت فۆرمی تازەی چەوساندنەوە دادەهێنن. هەر نیسبەت بەم خاڵەوە گرنگە ئاماژە بۆ شتێکی تر بدەین: دەنگێك هەبوو، ئێستاش بەجۆرێك هەیە، کە فەیسبوك شوێنێکی جدی نیە. لەڕاستیدا بۆ کەسێك کە پەیامێکی هەبێت و بیەوێت بە هەر نرخێك بێت بگات، ئەوا فەیسبوك یەکێکە لە ئیمکانەکان و بگرە لە ئیمکانێکیش

زیاتـرە. چیـتر ئـەو واقیعـە بێگـەردە بـوونی نیـە کـە ڕۆژانێـك واسـەیردەکرا هەیـە. دەتوانـین فەیسـبوك بکەینـە یەکێـك لـە ئیمکانـەکانی نـاو واقیـع بـۆ ئـەوەی بـواری ئیـشی بەرەنگارانـە برەخسـێنین.

سـەرەنجام ماوەتـەوە بڵێـین کـە هەمـوو ئایدیایـەك کـە لـە فەیسـبوك بڵاودەکرێتـەوە، کۆمێنـت و ڕای ئەوانیتریـشی لەگەڵدایـە. ئـەم کۆمێنـت و ڕایانـە، بـە مانایـەك لـە ماناـکان، دەبنـە بەشـێك لـە دەقەکـە و ئایدیاکـە. بەشـداردەبن لـە بۆشـایی و زیادەیـی و ئیمکانـەکانی نـاو ئایدیاکـە. بـەڵام لـە ئیشـێکی لـەم جـۆرەدا، کۆمێنتـەکان لـە ئایدیاکـە جیادەبێتـەوە و لـە ڕێگەیـەکی تـرەوە بـەر خوێنـەر و کۆمێنتـی تـر دەکەوێـت کـە ئـەم جارەیـان بـواری نوسـینەوەی نابێـت. جێـی بیرخسـتنەوەیە کـە دەسـکاریی ڕێنـوس و ڕێزمـانی بابەتەکانمـان نەکـردووە تاکـو دۆخ و بـەرواری نوسـینەوەیان بنوێنێتـەوە. لـە ٢٠١٢یشـەوە بـۆ ٢٠١٧ بابەتـەکان ڕیـز کـراون، دیسـان لەبـەر ئـەوەی بـەرزی و نزمیـی بیرۆکـەکان دەرکەوێـت. سـەرەتا چەنـد فۆتۆیەکـمان خسـتە کۆکراوەکـەوە کـە بـۆ ڕوونبوونـەوەی هەندێـك پۆسـت پێویسـت بـوو، بـەڵام لەبـەر قورسـیی کتێبەکـە و قبوڵنەکـردنی لەلایـەن سـێرڤەری سـایتەکەوە لامانـبرد و هیواداریـن نوقسـانی و ناڕۆشـنی درووسـتنەکات. هەروەهـا ئەمـە بەرگـی یەکەمـە لـەم پـڕۆژە مەجازییـەی گرووپـی نێگەتیـڤ. بەرگـی دووەمیـش، کۆکردنـەوەی ئایدیـا و سـەرنجەکانی هـاوڕێ «زەردەشـت نورەدیــن» لەخۆدەگرێـت.

2016

# چیڵسی مەنینگ

چیڵسـی مەنینـگ، سـەربازێکی ٢٨ سـاڵەی ئەمریکییـە و سـاڵی ٢٠١٠ لـە عێـراق دەسبەسـەرکرا و گەڕێنرایـەوە بـۆ ئەمریـکا. چیڵسـی، بـەوە تۆمەتبارکـرا کـە ژمارەیەکـی زۆر بەڵگەنامـەی ترسـناکی داوەتـە سـایتی ویکی‌لیکـس. چیڵسـی ٣٦ سـاڵ زیندانیـی بـۆ بڕاوەتـەوە و یـەك دوو جارێکیـش هەوڵـی خۆکوشـتنی داوە. بۆچوونێـك هەیـە کـە گوایا بڵاوبوونـەوەی ئـەم بەڵگەنامانـە ڕۆڵـی هەبـووە لـە گۆڕانکارییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا. سـاڵی ٢٠١٤، ڕۆژنامـەی گاردیـان داوای لـە کۆمەڵێـك ڕۆشـنبیر و هونەرمەنـد کـرد لـە یـادی لەدایکبوونیـدا شـتێك بنوسـن. ئەمـەی خـوارەوە نامەیەکـی کورتـی سـلاڤۆی ژیژەکـە بـۆ چیڵسـی(کۆنتر وەرمگێڕابـوو، بـەڵام پێـم بـاش بـوو داینێـم).

## چیڵسیی ئازیز؛

زۆرجـار گوێـمان لـێ دەبێـت کـە ئەمـڕۆ چەپـی ڕادیـکاڵ توانـای نیـە بەدیلێکـی عەمەلـی بخاتـەڕوو. ئـەوەی تـۆ کـردت، بەسـادەیی، بۆخـۆی بەدیلێـك بـوو. بـە قەولـی گانـدی، تـۆ خـودی ئـەو گۆڕانەیـت کـە بەدوایەوەیت[خـودی خـۆت گۆڕانکارییەکەیـت].

تـۆ لەبـەر ئـەم کارە، لـە هەمـوو شـتێکی خـۆت خـۆش بوویـت، لەوانـە ژیانیشـت. تـۆ ئـەم کارەت بـۆ سـود و بەرژەوەندیـی شەخسـی، بۆنمونـە بـۆ پـارەو ناوبانـگ، نەکـرد. ئـەوەی کـردت بەشـێك بـوو لـە پرۆژەیەکـی سیاسـیی گـەورەش. تـۆ خـۆت لەپێگـەی کەسـێکدا بینییـەوە کـە زۆرشـت دەزانێـت. تـۆ، وەك ئەرکـی خـۆت، هـەر ئـەو کارەت بـەو زانیارییـە کـرد کـە دەبـوو بیکەیـت. ئەگـەر ئـەم کارە بۆخـۆی کردەیەکـی ئەخلاقـی نەبێـت بـە مانـای کانتیـی وشـەکە، واتـە کـردەی ئازادیـی ئەخلاقـی و بەجێهێنانـی ئـەرك تەنیـا لەپێنـاوی ئەرکـدا، ئـەوا ئـەم دەربڕینـە[ی مـن] هیـچ مانایەکـی نیـە.

ئـەو باجـەی کـە تـۆ بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم کارە داوتـە، ترسـناکە. تەنیـا دەتوانیـن تەصـەوری ئـەوە بکەیـن کـە چەنـد مانگێـك پـاش دەسبەسـەرکردن، بەرگـەی چ ئەزموونێکـی ئـازاردەرت گرتـووە،

چ شـتێك بەسـەر جەسـتە و ڕۆحـتـدا هاتـووە. تەنانـەت گـەر ئەشـكەنجە ڕاسـتەوخۆكانیش نادیدەبگریـن، ئـەوا ئـەوان تۆیـان بەندكـردووە، و ئـەو هەسـتە سـوكایەتیئامێزە هەبـووە كـە ناچاربوویـت بەبەرچـاوی ئەوانیـترەوە كارە شەخسـی و تایبەتەكانـت ئەنجامبدەیـت. ئـەوە موعجیزەیەكـی ڕاسـتەقینەیە كـە لـەدوای ئـەم تاقیكردنـەوە ناخۆشـەوە بـە لادا نەهاتوویـت، نـەك هـەر سـەربەرزی و شـەرافەتی خۆیشـت پاراسـتووە بەڵكـو ئـەو توانـا عەجیـب و [چاوەڕواننەكراوەشـت] هەبـووە بەشـێوەیەكی عاقڵانـە و هێمـن پـەردە لەسـەر ئـەو شـتە لابدەیـت كـە كردووتـە.

هـەر لەبـەر ئەمـەش كاتێـك لەمـڕۆدا ڕووبـەڕووی پرسـیاری ئـازادی دەبمـەوە، یەكەمیـن وەڵام كـە بـە زەینمـدا دێـت ئەمەیـە: چیلسـی مەنینـگ ئـازادە، ئازادتـر لـە هەموومـان كـە تەنیـا لـە هەڵبژاردنـی ئـەم كێـك و خواردنەوەیـە یـان فـلان مەنزڵـگای عوتلـە و پشـوومانـدا «ئازادیـن» و هتـد. تـۆ، ئێمـە ڕووبـەڕووی ئازادییەكانـی خۆمـان دەكەیتـەوە، لەكاتێكـدا ئێمـە زۆرجـار شـەقی لـێ دەدەیـن و پشـتگوێی‌دەخەین. بـە مانـای تـەواوی وشـەكە، ئەگەر-مەترسـیی بەكارهێنانـی ئـەم وشـەیە قبوڵبكـەم- ئـەوا تـۆ یەكێكیـت لـە مامۆسـتا ڕاسـتەقینەكانمان. ئـەو مامۆسـتایانەی كـە ئەمـڕۆ زۆر دەگمـەن و دانسـقەن. مامۆسـتای ڕاسـتەقینە، ئـەو نوێنەرانـە نیـن كـە دسـپلین و ئەمـر و نەهـی دەردەكـەن و پەیامەكەیـان ئەمەیـە: تـۆ ناتوانـی!، تـۆ دەبێـت وابكەیـت...! پەیامـی مامۆسـتا ڕاسـتەقینەكان بریتییـە لـە «تـۆ دەتوانی»یەكـی ڕزگاریبەخـش. ئەویـش بـەچ مانایـەك؟ مەحـاڵ ئەنجامبـدە، ئـەوەی مەحـاڵ و نامومكیـن دێتەبەرچـاو بیكـە.

كاتێـك گـوێ لـە سـەركردەیەكی سیاسـیی ڕەسـەن و ڕاسـتەقینە دەگریـن، ئـەو شـتە كەشـفدەكەین كـە دەمانەوێت(یـان بـە گوزارشـتێكی باشـتر، هەمیشـە ویسـتوومانە، بـەڵام هیچـمان لەبارەیـەوە نەزانیـوە). هەروەهـا تێدەگەیـن لـە گێژاوێكـی نائومێدكـەردا گیرمـان نەخـواردووە، و دەتوانیـن ئیـش بـۆ ئـەو شـتە بكەیـن كـە دەمانەوێـت. پێویسـتمان بـە مامۆسـتایە، چونكـە ناتوانیـن ڕاستەوڕاسـت دەسـتمان بـگات بـە ئازادییەكەمانـدا؛ دەبێـت كەسـێك هەبێـت و پاڵـمان بنێـت. لـەم ڕووەوەیـە كـە جیاوازیـی نێـوان مامۆسـتای ڕاسـتەقینە و سـەركردەی سـتالینی دەردەكەوێـت، واتـە ئـەو سـەركردەیەی كـە واخـۆی دەردەخـات لـە خـودی خەڵكەكـە باشـتر لـە داوای خەڵكـە تێدەگات(واتـە دەزانێـت چ شـتێك بـۆ خەڵـك باشـە)، و ئامادەیـە بـەدەر لـە ئیـرادەی خەڵـك بـەزۆر شـتێكیان بەسـەردا بسـەپێنێت.

بـەڵام مامۆسـتای ڕاسـتەقینە پێویسـتی بـەوەش نیـە سـەركردەیەك بێـت. یەكێـك لـەو كەسـانەی كـە مـن دەوێـرم بـەراوردت بكـەم پێـی، مـارك ئیدلمان(١٩١٩-٢٠٠٩)ـە. واتـە ئـەو چالاكوانـە سیاسـییە

کۆمەڵایەتییە پۆڵەندییە/جولەکەیەی کە دوایین سەرکردەی ڕزگاربووە لە ڕاپەڕینی گیتۆی وارشۆدا [کە ڕاپەڕینی جوولەکەکانی پۆڵەندا بوو دژی نازییەکان]. بەر لە جەنگی جیهانیی دووەم لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییدا چالاك بوو کە داکۆکیی لە مافی جوولەکەکان دەکرد. لە ماوەی جەنگەکەدا یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی جەنگیی جوولەکەکان، لە ڕاپەڕینی گیتۆی وارشۆشدا لە ساڵی ١٩٤٣، وەك یەکێك لە سەرکردەکانی ئەو بزاڤە ئامادەیی هەبوو؛ هەروەها لە جووڵانەوەی شاریی وارشۆدا لە ساڵی ١٩٤٤یش بەشداریی‌کردبوو. لە حەفتاکاندا، هاوکاریی کۆمیتەی بەرگری لە کرێکارانی کردبوو، و وەکو یەکێکیش لە ئەندامانی بزووتنەوەی هاوپشتی مێزگردە پۆڵەندییەکاندا بەشداریی‌دەکرد. ئیدلمان، وێڕای ئەوەی سەرتاپای عومری ڕووبەڕووی دژەجوولەکەبوون(antisemitism ) دەبووەوە، کەچی بەئاشکرا بەرگریی لە ئینتیفاچە و بەرەنگاریی فەلەستینییەکانیش دەکرد. باسی ئەوەشی دەکرد کە بەرگری لەخۆکردنی جولەکەکان(کە شەڕی بۆ دەکرد)، لەبەردەم مەترسیی ئەو بەدحاڵیبوونەدایە ڕەوایەتیدانە بە زوڵم[ لە فەلەستینییەکان]. هەر لەبەر ئەمەش، بەهۆی قارەمانی و ئازایەتییەکەیەوە، هەرگیز ناسنامەی ڕەسمیی ئیسرائیلی وەرنەگرت. ئیدلمان دەیزانی چ وەختێك ئیشبکات(دژی ئەڵمانییەکان)، هەروەها چ وەختێکیش لێدوانی ئاشکرای هەبێت(لەبەرژەوەندیی فەلەستینەکاندا)، و چ کاتێکیش خۆی بخاتەناو چالاکیی سیاسییەوە(بۆ بزووتنەوەی هاوپشتی)، و چ کاتێکیش تەنیا حزوور[ی ڕووتی] هەبێت. لە دوای چالاکیی ڕوو لە هەڵکشانی کەمپینی دژەجوولەکەبوون لە ساڵی ١٩٦٨، بڕیاریدا لە پۆڵەندا بمێنێتەوە، و خۆی وەکو بەردی بینا وێرانکراوەکان ببینێت لە شوێنی کەمپی ئاوشڤیتزدا: [خۆی دەیوت]«سەرەڕای هەموو شتێك، دەبێت لێرەدا یەك کەس بەتەنیشت ئەو کەسانەوە بمێنێتەوە کە مردوون و لەناوچوون». ئەم ڕستەیە هەموو شتێك دەدرکێنێت: سەرەنجام ئەوەی بایەخی هەبوو، حزووری بێدەنگ و ڕووت و قووتی ئەو بوو، نەك لێدوان و دەربڕینەکانی: ئەوە ئاگایی بوو سەبارەت بەحزووری ئیدلمان، ئاگایی بوو سەبارەت بە«لەوێ بوون-being there»هکەی کە خەڵکی ئازاد دەکرد.

دۆخی تۆش ڕێك لە هی ئەو دەچێت. ئاگاییمان سەبارەت بە حزوور، کارەکان و چارەنووسی تۆیە کە دەمانکاتە مرۆڤگەلی ئازاد. بەڵام ئەم ئازادییە، ئازادییەکی قورسە: چونکە بەم مانایەیە ئەرکی ئێمەشە بە شوێن پێی تۆدا هەنگاو بنێین. پێدەچێت بەم شێوەیە بتوانین تۆزێك شادومانتر جەژنی لەدایکبوونت بگێڕین

# لێپێچینەوە لە پیاوچاک:

لـە سیاسـەتی نوخبەییـدا، هەمیشــە بەدحاڵیبوونێـك لەنێـوان خەڵـك و نوخبەکــەدا هەیە(بەتایبـەت ئـەو نوخبەیـەی کـە لـە مێـژووی ناسـیۆنالیزم و بۆرژوازییـدا شۆڕشـی کـردووە). بەدحاڵیبوونەکـە ئەوەیـە کـە شـۆڕش وەك بەشـێك لـە زاتـی خۆیـان سـەیردەکەن، نـەك وەك پرسـێکی (عرچـی) و مێژوویـی و جـودا. وەك بڵێـی ئەگـەر شـۆڕش و دەسـکەوتەکانیان لـێ بسـەنرێتەوە، ئـەوا زات و کەسـایەتیی ئـەوان تێکـڕا لەناودەچێـت: ئـەوان ناتوانـن تەصـەوری خۆیـان بکـەن، لـە دەرەوەی دەسـەڵات. ئـەم خاڵـە هەڵدەکشـێت بـۆ خاڵێکـی لۆژیکی: ڤیتگنشـتاین پێیوایـە دەتوانیـن تەصـەوری شـوێنێکبکەین شـتی تیـا نەبێـت، بـەس ناتوانیـن تەصـەوری شـتێك بکەیـن لـە شـوێندا نەبێـت. واتـە شـوێن، پێشـمەرجی لۆژیکیـی هەبوونـی شـتەکانە. دەسـەڵات شـوێنەکەیە و دەسـەڵاتدارانیش شـتەکەن.

ڕەنگـە ئـەم خۆنوسـاندنە بـە دەسـەڵاتەوە، قۆناغـی دووەم و ئەنتیتێـزی ئـەو بـاوەڕەی تـر بێـت کـە دەڵێـت: بیرۆکـە و ڕێبازەکـە خـۆی جوانـە، بـەڵام ئـەوە مرۆڤـەکان و جێبەجێکەرەکانـن ناشـیرینیدەکەن. لـەم تێـزەدا، مـرۆڤ لـە ناوکـی ئایدۆلۆژیاکـە جیادەکرێتـەوە و کەموکورتییـەکان دەخرێتەپـاڵ بکەرەکـە، پـاڵ شـوێنکەوانی. واتـە پەیامەکـە بەنـاو مێـژوودا دێـت، بەبـێ ئـەوەی خڵتەوخۆڵـی مێـژووی بەربکەوێـت. مـرۆڤ خـۆی گوناهبـار و ئالودەیـە، گەرنا دەیتوانـی پەیامەکـە بەپاکـی بگەیەنێتەجێـی خـۆی و تووشـی کوشـتوبڕ و تـاوان نەبێـت. بـەڵام لـە ئەنتیتێزەکـەدا، واتـە لـە تێگەیشـتنی بەشـێکی دەسـەڵاتداراندا، دەسـەڵاتداران خۆیـان لـە ئایدۆلۆژیاکـە جیاناکەنـەوە، بەڵکـو خۆیـان وەك مانیفێسـت و بەرجەسـتەبووی ئایدۆلۆژیاکـە دەزانـن، نـەك تەنیـا بـە نوێنەری.(ئەگینـا نوێنەربـوون، قابیلـی جێگۆڕکـێ و جێهێشـتنە).

عادەتـەن تێزەکـە بـۆ دینـەکان بەکاردێـت و ئەنتیتێزەکـە بـۆ ئایدۆلۆژیـا نادینییـەکان.
هەمـوو دەزانیـن، خراپتریـن دەسـەڵاتداری ئەمـڕۆ، لـە سـاتێکدا شۆڕشـگێڕ بـووە، ڕیسـکی کـردووە، لووتـی لـە مـردن ژەنیـوە. بـەڵام بەپێـی دەروونشـیکاری، مـرۆڤ دەبێـت ئـەوە قبوڵبـکات کـە «خەسـان» بەشـێکە لـە پانتایـی کۆمەڵایەتـی نـەك هـەر دەروونـی. پاشـایەك کـە دەسـەڵاتی خـۆی دەدۆڕێنێـت، تووشـی خەسـان و لەدەسـتدان هاتـووە. کەسـێك کـە قـژی هەڵدەوەرێـت تووشـی خەسـان هاتـووە، چونکـە شـتێك لەدەسـتدەدات کـە نرخێکـی ڕەمزیـی هەیـە بـۆی.
لـە ئەنجامـی تێـز و ئەنتیتێزەکـەدا، سـەنتێزێك هەیـە. پنتێـك هەیـە ئـەم بەدحاڵیبوونـە، لەڕێگـەی زەبروزەنگـەوە یەکلادەبێتـەوە. لێـرەدا ئەفسـانەی دایالـۆگ کۆتاییدێـت. چونکـە زۆرێـك لـە بەدحاڵیبوونـەکان بـە زەبروزەنـگ دەگەنـە خاڵـی تێگەیشـتن و یەکلابوونـەوە. بـەم پێیـە، هەمـوان دەزانـن دەسـەڵاتدارانی ئەمـڕۆ، «پیاوباشـی دوێنـێ» بـوون، بۆیـە لـە مێـژوودا برێختئاسـا هەوڵـی تێپەڕاندنـی بەدحاڵیبوونەکـە دراوە:

وەرە پێشێ: بیستوومانە کە پیاوچاکیت.
ناکڕدرێیت بەڵام،
برووسکەی ئاسمانیش کە بەر ماڵەکان دەکەوێت،
هەر ناکڕدرێت.
تۆ پابەندی قسەکانی خۆتیت
بەڵام چیت وتووە؟
ڕاستگۆیت و بۆچوونی خۆت دەڵێیت.
کام بۆچوون؟
ئازایت.
بەرامبەر کێ؟
عاقڵیت.
بە سودی کێ؟
تۆ چاوت لە سود و باشەی تایبەتیی خۆت نیە.
ئەی کەواتە سودی کێت لە بەرچاوە؟
هاوڕێیەکی باشیت.

ئایا بۆ پیاوچاکانیش هەر هاوڕێیەکی باشیت؟
کەواتە گوێ بگرە:
مادام دەزانین دوژمنی ئێمەیت،
ئێستا بەرامبەر بە دیوارێک داتدەنێین.
بەڵام لەبەر ئەو خەسڵەتە باشانەی کە هەتە،
بەرامبەر بە دیوارێکی باش داتدەنێین
بە گولەیەکی باش، لە تفەنگێکی باشەوە
تەقەت لێ دەکەین
بە بێڵێکی باشیش، لە زەوییەکی باشدا
بە خاکت دەسپێرین.

# کاسترۆ و بەستەڵەکی زەمەن..

## کاسترۆ لەساڵڕۆژی هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتدا ماڵاوایی کرد.

زۆرێـك بـە کـۆرس دەڵێـن: کاسـترۆ لەگـەڵ سـەردەمەکەی خۆیـدا نەدەگونجـا. بـەڵام ڕاسـتییەکەی بـەم جۆرەیـە: ئـەم سـەردەمە لەگـەڵ بیـری یەکسـانخوازانەی کاسـترۆدا نەدەگونجـا. هەرکەسـێك قبوڵنەکرێـت، سیسـتەم یەکسـەر کۆمەڵێـك پێناسـەی بـۆ دادەتاشـێت وەك: دیکتاتـۆر، دوژمنـی ئـازادی و هتـد. جگـە لـەوەی سـات و سـەردەمی سیسـتەم، لەڕووی کواڵێتییـەوە جیایـە لـە سـات و سـەردەمی شۆڕشـگێڕە سۆسیالیسـتەکان. شـۆڕش خـۆی سـاتێکی هەڵپەسـێراوی زەمەنـە و لـە سـەرووی بـەرواری ئاسـاییەوە. وەفـا بـۆ شۆڕشـیش شـتێکە کـە زۆرینـەی خەڵکـی ئەمـڕۆ تێیناگـەن.

تەمەنـی حکومڕانیـی کاسـترۆ بـە سـەعاتی سـەرمایەداری ناپێورێـت. بەپێـی لیبراڵدیموکراسـیی سـەرمایەداری، خولێـك بـۆ دوو خـول بـۆت هەیـە بمێنیتـەوە، بـەڵام ئاشـکرایە هیچـت نەگـۆڕیـوە. چوارچێـوە گشـتییەکە وەکـو خـۆی ماوەتـەوە. جگـە لەمـەش، کاسـترۆ لـە مرۆڤێکـی ئاسـایی دەرچووبـوو بەنیسـبەت سـەرمایەداریی ئەمریکییـەوە. لـەو بوونـەوەرە نەمرانـەی نـاو فیلمـەکان دەچـوو کـە تـا ئەبـەد دەتەوێـت بیکوژیـت و نامرێت(سـادەترین فاکـت بـۆ ئەمـە ئـەوە بـوو کـە زیـاد لـە ٦٠٠ هەوڵـی تیرۆرکردنـی کاسـترۆ درابـوو).

ئـەو چەقبەسـتوویی و خۆڕاگرتنـەی کوبـا دیوێکـی سیمبوڵییشـی هەیـە. ژیـژەك لـە کتێبـی (بەخێربێـن بـۆ بیابانـی ڕیـاڵ)دا لەسـەری دەوەسـتێت: کوبـا بەهـۆی بەکارهێنانـی شـتە کۆنـە و مەسرەفکراوەکانـەوە، بەرەنگاریـی ئـەو خێراییـەی سـەرمایەداری دەبـووەوە. وەك بڵێـی وەسـتان و سـکون لەنـاو خێراییـدا جۆرێکـە لـە وەفـاداری بـۆ شۆڕشـەکە. ئۆتۆمبێلـی کۆنـی ئەمریکـی و پاسـی زەردی کەنـەدی، کـە لـە غـەرب وەك شـتی بـێ مـەسرەف و بەسـەرچوو سـەیردەکران، لـە کوبـا دەخرانـەکارەوە. وڵاتێـك کـە لـە بەسـتەڵەکی کات و زەمەنـدا ماوەتـەوە و خانـووە کـۆن و

پیرەکانـی شـایەتن لەسـەر وەفـاداری بـۆ ڕووداوی شـۆڕش.
بایەخـی کاسـترۆ لـە وێنـە گشـتییەکەدایە، نـەك جوزئیـات و وردەکاری. کاسـترۆ چیـی دەویسـت؟ چ شـتێك لـە خەیاڵیـدا بـوو! ئەمـە ئـەو پرسـیارەی دەروونشـیکارییە، کـە کەسـی بەرامبـەر تووشـی نەخۆشـیی هیسـتریا دەکات. بەرامبـەر لێـرەدا بریتییـە لـە سـەرمایەداری-ئیمپریالیزم. لـە گشـت و کـۆدا، کاسـترۆ ناوێکـە سـەر بـەو ڕیـزە نـاوەی کـە عەدالەتـی دەویسـت. لـە بـەش و جوزئیاتیشـدا، وەك هـەر بکەرێـك کـە لـە مێـژوودا دەژی، هەڵـەی هەبـووە و گەلێـك دەسـکەوتی حەیاتییشـی هەیـە کـە پێشـینەی نیـە لـە سیسـتەمی سـەرمایەدارییدا.
سـاڵی ١٩٦٢ ئەمریـکا ویسـتی پەلامـاری کوبـا بـدات و شکسـتی هێنـا. دواتـر لـە نۆڤەمبـەری هەمـان سـاڵ، سـۆڤیەت کۆمەڵێکـی چەکـی ئەتـۆم و موشـەکی بالسـتیکی هێنایـە کوبـا بـۆ ترسـاندنی ئەمریـکا. ١٣ ڕۆژێـك دۆخـی جیهـان و بگـرە مێـژووش گرژبـوو. وەك ڕۆژنامەنوسـێك دەڵێـت: ترسـام پێشـبینییەکەی کڵێسـا بێتـەدی و ئاخرزەمـان ڕووبـدات، چونکـە جیهـان کەوتـە لێـواری شـەڕێکی ئەتۆمـی. دواجـار سـۆڤیەت هەڵدەوەشـێتەوە، کاسـترۆ دەمرێـت، بـەڵام یۆتۆپیـا و ئایدیـای یەکسـانی نامرێـت. دوای سـۆڤیەت(کە عاقیبـەت تەسـلیمی سـەرمایەداری کرایـەوە)، ئـەوەی زاڵبـوو بریتیبـوو لـە: «بەتایبەتیکـردن و خەسخەسـەی ژیانـی ڕۆژانـە، پەلکوتانـی کۆمپانیـا فرەڕەگـەزەکان، پەرەسـەندنی تەکنۆلۆژیـای زانیارییـەکان و خزمەتکردنـی بـە سیسـتەم، سـوڕای ئازادانـەی کاڵا و سـەرمایە بـە تێچوونـی کەمـتر و قازانجـی زیاتـر، ڕەگەزپەرسـتیی زیاتـر و هەژاریـی زیاتـر و هتـد».
بـۆ زۆرێکـمان، کاسـترۆ و سـۆڤیەت وەك یۆتۆپیـا گرنگـن، بەبـێ یۆتۆپیـای سۆسیالیسـتی، ژیـان دەبێتـەوە بـە مورادیفـی جەنگـەڵ.

# خورافەتەکانی تاک:

لـە واقیعـی ئێمـە و (تەنانـەت کـۆی سیستەمەکەشـدا) هەندێـك خوێندنـەوە هەیـە کـە کێشـەکان لـە ڕەهەنـدە گەردوونییەکـەی دادەبـڕن، چـارەی کێشـەکانیش لـە ڕووبەرێکـی بچوکـدا تەسـکدەکەنەوە. ئـەم خوێندنەوانـە، بەشـێوەیەکی میکانیکـی، تـاك لـە کـۆ جیادەکەنـەوە و؛ ناوخـۆ لـە دەرەوە دادەبـڕن. هەرسـکردن و پێشـوازیی خێـرای ئـەم خوێندنەوانـەش، لـەو کڵێشـەیەوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە (باشـترە خەریکـی مەسـەلە شەخسـییەکانمان بیـن). ئـەم کڵێشـەیە لـەو ڕووەوە سـەیرترە، کـە مرۆڤـی ئـەم کەلتورانـە لـە دەیـان شـوێنی تـردا هیـچ جـۆرە تاکایەتـی و فەردانیەتێکیـان نیـە و پێشـیان خـۆش نیـە هەیانبێـت. هەڵگرانـی ئـەم ڕواننینـە کێـن؟

(١) توێـژەر و پسـپۆڕەکانی سـەر تەلەفزیـۆن: ئەمانـە دەروونـناس و کۆمەڵنـاس و توێـژەرە جیاجیاکانـن و عادەتـەن لەبەرنامەکانـی دەمـەو بەیانیانـدا بەشـداری دەکـەن. ئـەم توێژەرانـە کاتێـك باسـی جەنـگ دەکـەن، جەنـگ وەك دیاردەیەکـی خـراپ و نەرێنـی باسـدەکەن، و هەوڵیشـدەدەن بـاس لـە دەرەنجامـە کۆمەڵایەتـی و دەروونییەکانـی جەنـگ بکـەن. لای ئەمانـە ناپرسرێـت کـێ جەنـگ دروسـتدەکات و لەبـەر چـی جەنـگ هەیـە. کاتێـك هەوڵدەدەیـت لێکەوتەکانـی جەنـگ لـە هۆکارەکانـی جەنـگ جیابکەیتـەوە و پارچەپارچـەی بکەیـت، ئـەوا سیسـتەم لـە گوناهـی جەنـگ پاکدەکەیتـەوە.

(٢) نوسـەرە تاکڕەهەنـدەکان: ئەمانـە پێیانوایـە توندوتیـژی بەرهەمێکـی لۆکاڵیـی کەلتورەکانـە و هـەر جەنگێکیـش بەرهەمـی ئـەو توندوتیژییـە لۆکاڵییەیـە. ئـەم ڕوانینـە، لـە هەنـگاوی یەکەمـدا تووشـی پارادۆکسـێك دەبێـت: لـەولاوە باسـی جیهانگیـری دەکات، لەملاشـەوە کەلتوری

لۆکاڵـی لـە هـەر کاریگـەری و بەرکەوتنێکـی دەرەکـی دادەبڕێـت و جەوهەرییانـە کەلتـورەکان وەسـفدەکات. بۆنمونـە، دیـاردەی داعـش وەك دیاردەیەکـی ناوخۆیـی ڕووت سـەیردەکات و لـەو نیهیلێزمـە دایدەبڕێـت کـە دونیـای گرتۆتـەوە.

٣) )ڕیوایەتـی شەخسـی: ئـەو چەشـنە لـە قسـەکەر و نوسـەر دەگرێتـەوە کـە هەمـوو کێشـەکان لـە ڕەهەندێکـی شەخسـییدا کورتدەکاتـەوە. پێیانوایـە ئـازاری شەخسـیی ئـەوان شـتێکی تاقانـە و دەگمەنـە و لـە ئـازاری کـەس ناچێـت. ئـەم کەسـانە لەگـەڵ کـۆژان و موعاناتەکانـی هـەرزەکاران و خوێنـەری سـەرەتاییدا دەدوێـن و زۆرجـار کلێشـە کۆنـە مێژووییـەکان بـەم و بـەو دەفرۆشـنەوە و نرخێکـی ئەوتـۆی فیکـری و ئەدەبییـان نیـە. ئـەم تایپـە لـەم سـەردەمەدا کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان وەك کێشـەیەکی نەگـۆڕ و وجـودی سـەیردەکات و خزمـەت بـەو وڕێنانـە دەکات کـە پێـت دەڵێـت: خـۆت بـە، هەقـت بەسـەر کەسـەوە نەبێـت، کتێـب لەزەتێکـی شەخسـییە.
لەنێـوان هەرسـێ دەسـتەکەدا، پەیوەندیـی تـاك و کـۆ دەپچڕێنرێـت. پێیانوایـە تێکسـت و مەسـەلەی بەنـاو داهێنـان جێـی کێشـە دەسـتەجەمعییەکان دەگرێتـەوە. نازانـن هەمـوو چـارە و تێکسـتێك لـەم سیسـتەمەدا دێتـەوە نـاو هاوکێشـەکانی بەرهەمهێنـان و بـازاڕ و نمایشـەوە و ئـەم زنجیرەیـە تاهەتایـە درێژدەبێتـەوە. دەرسـێکی سـادە هەیـە: هەمـوو تاکێـك و هەمـوو پرسـێکی تاکەکەسـی، کێشـە دەسـتەجەمعییەکانی لەخۆیـدا هەڵگرتـووە و تاکـی خاڵـس و پرسـی تاکەکەسـیی خاڵـس بوونـی نیـە.

# شەڕی موسڵ...

موسـڵ لەئێسـتادا تەنیـا نـاوی شـارێك نیـە كـە گوایـا خەریكـە «ڕزگاردەكرێـت»، بەڵكـو زیاتـر لـە شـوێنێك دەچێـت كـە كۆمەڵێـك هێـزی جیاجیـا بەقەڵەقـەوە بـۆی دەڕۆن. ترسـەكە هـەر داعـش نیـە، بەڵكـو ترسیشـە لـە یەكتر. كۆمەڵێـك هێـزی ناتەبا، هاوشـانی یـەك بـەرەو شـوێنێكی تاڕادەیـەك تاریـك ملدەنێـن. ترسـیان لـە نیـەت و مەبەسـتی یەكـتر هەیـە، پەلەكـردن لـە ئەنجامـی شەڕەكەشـدا، پەلەكردنـە لـەوەی نیەتـی یەكـتر ڕون ببێتـەوە و سـتراتیژەكان بـە لایەكـدا بكـەون. لـە ئێسـتای پرۆسەكەشـدا، دانپیانەنـان و بانگهێشـتنەكردن و پاشـقولدان لەنێـوان هێزەكانـدا هەیـە.

كـۆی ئـەو شـیكردنەوە سیاسـییانەی لـە دونیـای ڕۆژنامەوانییـدا هـەن، سـەر بـە سیسـتەم و دونیـای بۆرژوازییـن. زۆر بەكەمـی شـیكردنەوەی چەپەكانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەبینیـن. تـۆ ئێسـتا بـۆت هەیـە یـان داعـش هەڵبژێریـت، یـان سـەرمایەداری و كلـك و باڵەكانـی. ئازادییەكـی هەڵبژاردنـت هەیـە كـە فۆرمـاڵ و ڕواڵەتییـە، لەنێـوان ڕەقەمەكانـی سیسـتەمێكدا یـەك یـان زیاتریـان هەڵدەبژێریـت كـە زەمینەكەیـان هـەر یـەك شـتە. ئازادیـی ڕاسـتەقینە ئەوەیـە، كـە شـێوێنەر بێـت، واتـە كـۆی ئـەو زەمینەیـە بگۆڕێـت كـە بژاردەكانـی لەسـەر درووسـتكراوە. ئەمـڕۆ تێكـڕا ئازادیـی ڕواڵەتـی، زاڵـە و هەمـوان كوێرانـە ستایشـی دەكـەن. ئـەو هەسـتەت پێدەدرێـت كـە تـۆ بەشـداریت لـە سیسـتەمی سیاسـی و هەڵبژاردنـدا، بـەس بەشـدارییەكەت لـە نوكتـە ژیژەكییەكـە دەچێـت: ئەمـڕۆ لەسـەر دوگمـە و دەرگای مەسـعەدەكان نـوسراوە دەرگاكـە داخـە(close the door)، بـەڵام لـەو كاتـەی دەسـتی پیادەنێیـت خـۆی هـەر دادەخرێـت. تـۆ تەنیـا ئـەو وەهمـەت پێدەبرێـت كـە گوایـا بەشـداریت لـە داخسـتنەكەدا. لینیـن ئـەم جـۆرە بەشـداری و ئازادییـە ناودەنێـت ئازادیـی بـۆرژوازی یـان ڕواڵەتـی، ئـەو ئازادییـەی كـە پەردەیەكـە بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەكانـی سـەرمایەداران. لینیـن، ئـەرك و ئاراسـتەی بـۆ

ئـازادی دیاریدەکـرد. دەیـوت: «ئـازادی؟ باشـە. بـەڵام بـۆ کـێ؟ ئـەی بـۆ ئەنجامدانـی چ کارێـك؟». گـەر لـە شـیکردنەوە ژۆرناڵیسـتییەکان دوورکەوینـەوە، ئـەوا لـە شـەڕی موسـڵدا، کـێ ئازاددەبێـت، کام چیـن؟ ئایـا پێویسـتناکات کۆمەڵێـك چەمکـی کۆنـی وەك (ئیمپریالیـزم و پاشـکۆکانی) لەژێـر تەپوتـۆزی ئایدۆلۆژیـای سـەرمایەدارییدا دەربێنیـن و زیندوویانبکەینـەوە؟ حەڵـەب و موسـڵ، دوو نـاوی تـازەن بـۆ شـەڕێکی کۆنـی ئیمپریالیسـتی. چونکـە «هێـزە کـۆن و تـازەکان، یەکـتری تاقـی دەکەنـەوە و هەوڵـدەدەن نوسـخەی خۆیـان سـەبارەت بـە ڕێسـا جیهانییـەکان بەسـەر یەکتردا بسـەپێنن و، دیـارە ئـەم ڕێسـایانەش لەڕێگـەی نوێنەرەکانـی خۆیانـەوە تاقـی دەکەنـەوە کـە بریتیـن لـە دەوڵـەت و [هێـزە] بچکۆڵـەکان».

لـە میدیاکانـی ناوخـۆ و جیهانـدا وا پیشـاندەدرێت کـە هـەر بەڕاسـت خەریکـە شـتێك ڕوودەدات، بـەڵام ئـەوەی وەك خـۆی دەمێنێتـەوە پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان و سـەرمایەیە. بـاس لـەوەش دەکرێـت کـە (مافەکانـی مـرۆڤ) لـە شـەڕەکەدا پێشـێل ناکرێـت، بـەڵام ئـەم دەسـتەواژەیەش هـەر بەرهەمـی دونیـای بۆرژوازیـی خۆیەتـی و بـاس لـە مرۆڤێـك دەکات کـە دراوی ئایدۆلۆژیـای بۆرژوازییـە. لـە موسـڵدا مرۆڤێـك و خەڵکێکـت هەیـە کـە پێشـوەخت لـە (مافەکانـی مـرۆڤ) خراوەتـەدەرێ، ڕووتکراوەتـەوە. هـاوکات خەڵکـی موسـڵیش لـەم دۆخـەدا ناتوانێـت لـە خەڵکـی کۆبانـێ بچێـت، هاوکێشـەکە تـۆزێ جیایـە.

دواجـار لەنێـوان ئـەم دوو بەرەیـەدا کامیـان باشـترە؟ گـەر سـتالین زینـدوو بوایـە دەیـوت: هیچیـان. چونکـە هـەردوو بەرەکـە لـە چەندیـن ڕایەڵـەدا یەکـتری بەرهەمدێننـەوە و خـۆراك دەدەن بەیەکـتر.

# ڕاستکردنەوەی دوو کلێشەی گەمژانە لەمڕۆدا:

١)دەوترێـت: فـڵان قسـە کۆنـە و سـواوە. بەتایبـەت ئـەم قسـەیە دەرهـەق بـە بیـری کۆمۆنیـزم دەکرێـت. گوایـا کۆمۆنیـزم شـتێکی تـازە نیـە و ناشـتوانێت شـتێکی نـوێ و قسـەیەکی نـوێ بە رهە مبێنێـت .
ئـەم کلێشـەیە بیـری چـووە کـە تـا سـتەم و چەوسـانەوە هەبێـت، بیـری کۆمۆنیـزم تازەیـە. مـرۆڤ لـە ٨ بـۆ ١٢ هـەزار سـاڵی ڕابـردوودا لەنـاو مێـژووی کۆنـی چەوسـانەوە و چینایەتییـدا ژیـاوە. بـەم پێیـە، تـا کۆنـی و کۆنەپەرسـتی هەبێـت، کۆمۆنیـزم تازەیـە. قسـە تازەکانـی ئەمـڕۆ، قسـەی ڕووکـەش و مـۆدە و نابەرپرسـیارانەن. لـە باشـترین حاڵەتـدا قسـەی کارەکتـەری نـاو ئـەو ڕۆمانانـەن کـە نوسـەرەکەی ئامـادە نیـە بچێتـە ژێـر مەسـولیاتیانەوە. یـان ئـەو قسـە شـیعری و بێ‌ڕیشـانەن کـە وەك خواردنـی «فاسـت فـود» دەخورێـن و زوو دەبنـە پاشـەڕۆ.
٢٢)دەوترێـت: بیربکـەوە، خـۆت بـە خـۆت. هەمـوو دەزانیـن بیرکردنـەوە، ئەکتێکـی مرۆیـی و گرنگـە. بـەس چـۆن بیربکەینـەوە؟ هیـچ بیرکردنەوەیـەك بێلایـەن نیـە. هـەر قۆناغێکـی مێژوویـی، خـۆی دەخزێنێتـە نـاو بیرکردنـەوەی تـۆوە. لەمـڕۆدا لـە کام چوارچێـوەدا بیربکەینـەوە؟ کـێ هەیـە جورئـەت بـکات بڵێـت ئەمـڕۆ ئـازادم؟ دڵنیایـت لـە تەڵـە و داوەکانـی سیسـتەم ڕزگارتبـووە؟ بیرکردنـەوە لەنـاو مێـژوودا درووسـتدەبێت، سـەرووەمێژوویی نیـە، هێزێکـی ڕۆشـنکەرەوەی پاکیـزە و پێشـوەخت نیە.بیرکردنـەوەی بـاش و خراپیـش هەیـە. بەپێـی ئامانجـەکان بیرکردنـەوە مانـای خـۆی وەردەگرێـت، گەرنـا «بیرکردنـەوە»ی کوێرانـە جگـە لـە وڕێنـە هیچـی تـر نیـە. ئەوانـەی کوێرانـە ستایشـی بیرکردنـەوە دەکـەن، بیرکردنـەوە دەخەنـە دەرەوەی کات و مێـژووەوە. وەك هەرێمێکـی نەمـر و بێگـەرد و میهرەبـان تێـی گەیشـتوون. ئەمـڕۆ زۆرکـەس پێـی وایـە دەخوێنێتـەوە و بیردەکاتـەوە، بـەس کـەم سـەردەم بەقـەدەر ئەمـڕۆ فۆرمـی گەمژەیـی تیابـووە و مـرۆڤ «خـۆی» نەبـووە.

دەگەڕێمـەوە سـەر مەسـەلەی (قسـەی تـازە): قسـەی تـازە لـە دونیایەکـی تـازەدا درووسـتدەبێت، گەرنـا هـەر قسـەیەکی تـازە ڕاکردنـە لـە دونیـا کۆنەکـە نـەك لێدانــی، هەڵهاتنـە لـە واقیـع، کردنــەوەی دەرگای ئایدیاپەرســتی و وەهــم و ئایدیاڵیزمــە. ئەفلاتــون گەرچــی بــە میپالــی و ئایدیاڵیسـت نـاسراوە، بـەڵام لـە زۆرینـەی خەڵکـی ئەمـڕۆ عاقڵـتر بـوو. ئـەو دەنوسـێت: فەیلەسـوف دەبێــت لــە شــتەکانەوە دەســت پێبــکات نــەك وشــەکانەوە. خەڵکــی بەنــاو خوێنــەواری ئەمــڕۆ، لـە زمانــەوە دەســتپێدەکەن و لەوێشــدا دەمــرن. لەوێــدا بــۆ قســەی تــازە دەگەڕێــن. لەکاتێکــدا گــەڕان بــۆ قســەی تــازە، گەڕانــە بــۆ پەیامبەرێکــی فشــۆڵی ســەردەمی پۆســتمۆدێرنە کــە نــە بـڕوای بـە پەیـام هەیـە و نـە دەشـزانێت دونیـا کۆنەکـە چۆنـە...

# ڕەخنە لە ماناکانی «نوسەر»

لـە واقیعـی ئێمـەدا، نوسـەر کەسـێکە بەجەوهـەر خەریکـی نوسـینە(ڕەنگە لـە زۆر جێـی دونیاشـدا وا سـەیربکرێت). واتـە نوسـین دەکرێـت بـە ئیشـێکی سـەربەخۆ و دابـڕاو. هـاوکات وەك پەناگەیـەك سـەیردەکرێت بـۆ خۆپاراسـتن لـە واقیـع، وەك جۆرێـك لـە قەڵغانـی ڕەمـزی. زۆرێکیـش پێناسـەکە تـا ئـەو جێیـە درێژدەکەنـەوە کـە: نوسـین دواییـن شکسـتە، دوا دۆڕانـی ئێمەیـە بەرامبـەر بـە دونیا بۆیـە پەنـای بـۆ دەبەیـن. گوایا گـەر نەنوسـن، ئـەوا ئاڵۆشـی نوسـین دەیانخـوات و تەنیایـی دەیانکوژێـت.

ئـەم قسانە بڕێـك ڕاستیی تیایـە، بـەڵام لەڕووی سـتراتیژەوە کێشـەی تیایە. چونکە نوسین ئیشـێکی دابـڕاو نیـە، بەڵکـو پەیوەندییەکـی چەندسـەرەی بـە واقیعـەوە هەیـە. دواشکسـتی مرۆڤیـش نیـە، چونکـە گـەر شکسـتێك هەبێـت لـە دونیـادا ئـەوا دەبێـت نوسـین بەرەنـگاری ببێتـەوە. واقیـع مەنزوومەیەکـە کـە لـە کۆمەڵێـك پنـت و پارچـەی جیاجیـا پێکهاتـووە، کـە نوسین بەنـاو هەموویانـدا دێـت و دەچێـت. نوسـین ئـەو بەرپرسـیارێتییەی هەیـە کـە چـی دەگوزەرێـت و دەبێـت داوای چییـش بکەیـن. زۆر نوسـەری بەنـاو خاکـی و متەوازیـع دەڵێـن: ئیشـی نوسـین نیـە داوای شـت بـکات. ئـەم ڕوانگەیـە، بەپێچەوانـەوە، زۆر لوتبەرزانەیـە. نایەوێـت هیـچ بڵێـت، ئەرکـی نوسـین دووردەخاتـەوە بـۆ شـوێنی تـر، بـۆ شـوێنگەلێك کـە پەیوەندیـی بـە بەهـا مەلموسـەکان و واقیعـەوە نیـە.

پێویسـتە بـە ماناکانـی نوسـەردا بچینـەوە. ئەویـش لـە سـەردەمێکدا کـە خەڵـك هەیـە ژیانـی خـۆی بـە ڕسـتەیەکەوە بەسـتۆتەوە کـە ناچێتـەوە سـەر واقیـع. هەیـە کۆیلـەی کتێبێکـە کـە ئایدیاکـەی یـان خەیاڵاتێکـی کۆنەپەرسـتانەیە، یاخـود سەرخۆشـبوونێکی کاتییـە. نوسـین خـۆی

ئامانجـی خـۆی نیـە، نوسین خـۆی لـە خۆیـدا هیـچ پیـرۆز نیـە، نوسـین کەرەسـتەیە بـۆ گۆڕیـن و دەسـتکاری.

نوسـەر کەسـێك نیـە بـە نوسـین خـۆی کوشـتبێت و بـە نوسـینیش زیندووبووبێتـەوە. نوسـەر بکەرێکـە زانینەکـەی خـۆی بەشـدەکات لەگـەڵ بکـەرە کۆمەڵایەتییەکانـی تـردا. سـادەتر: گـەر نوسـەرێك ١٠٠٠کتێبـی خوێندبێتـەوە و ئەوانیتریـش سـێ کتێـب یـان هیچیـان نەخوێندبێتـەوە، ئـەوا خەلەلێـك لـە ماناکانـی نوسـەربووندا هەیـە. نوسـەر ئـەو کەسـەیە کـە ڕێگەیـەك بـۆ نـاو واقیـع دەکاتـەوە و نوسـین لـە نامۆبـوون و تەنیایـی ڕزگاردەکات..

# دەرچوون لە مەکر و میتافۆر..

کەناڵـی knn ـی گـۆڕان، لـە سـاڵی پـارەوە زنجیرەیـەك بەرنامـە و ڕاپۆرتـی دۆکیۆمێنتاریـی هەیـە دەربـارەی کەسـایەتییە سیاسـییە جیاجیـاکان. گوایـا ئـەم کەسـایەتییانە دیکتاتـۆر و دز و درۆزنـن. لـە هیتلـەرەوە بیگـرە تـا دەگاتـە محەمـەد سـەعید سـەحافی وەزیـری ڕاگەیاندنـی پێشـووی بەعس(جارێکیـان کار گەیشـتە ئـەوەی ڕەمـزە کۆمۆنیسـتییەکانی وەك سـتالین بـە بارزانـی بچوێنێـت). لەڕاسـتیدا ڕۆڵ و کارکـردی بەرنامەکـە پێشکەشـکردنی زانیـاری و دۆکیۆمێنـت نیـە، بەڵکـو ئامانجێکـی دیکـەی هەیـە کـە ڕەنگـە بتوانیـن نـاوی بنێیـن «سیاسـەتی میتافـۆر». میتافۆر شـوبهاندنی شـتێکە بـە شـتێکی تـر، هۆیەکـەش یـان مەکـر و ئێسـتاتیکییە یـان تاکتیکـی یاخـود شکسـت و پاشەکشـە. میتافۆر(اسـتعارە) لەشـێوەی جێگرتنـەوەدا شـتەکان پێناسـەدەکات، شـتێك لەجیاتیـی شـتێکی تـر وەردەگرێـت، شـتێك بـە شـتێکی تـر دەچوێنیـت تـا ئـەو ڕادەی لێکچووەکە دەچێتـە جێـی شـتە لەوچووەکـە. لـەڕووی ئایدۆلۆژییشـەوە، زۆرجـار سـود لـە وێنەیەکـی جێگـرەوە دەبینیـت کـە خـۆت لەگەڵـی ناکۆکیـت.

بۆچـی ئـەم بەرنامانـە ڕۆڵـی میتافـۆر دەگێـڕن؟ چونکـە لەڕێگـەی کارەکتەرێکـی تـرەوە، ناوێکـی تـرەوە، لـە کارەکتـەری بارزانـی و چواردەورەکـەی دەدات. کـە باسـی سـەرۆکی کۆریـای باکـور دەکات، دەیەوێت بڵێـت بارزانییـش وەك ئـەو خۆسـەپێنە. کـە باسـی سـەحاف دەکات، دەیەوێت بڵێـت بارزانییـش وەك ئـەو چەواشـەکارە. میتافـۆر کـە بونیادێکـی کۆمەڵایەتیـی هەیـە و مـرۆڤ زۆرجـار شـتێك لەبـری شـتێکی تـر ئەنجامـدەدات، لـە سیاسـەتدا بۆچـی بەکاردێـت؟ ڕەنگـە سـادەترین وەڵام دەستەوەسـان بێـت. کاتێـك ڕووبەڕووبوونـەوەی پارتـی دەبێتـە مەحـاڵ، پەنـا بـۆ ناڕاسـتەوخۆبوون و پێـچ و پەنـا و میتافـۆر دەبرێـت.

مـەلا کرێکاریـش لـە چاوپێکەوتنەکـەی ئـەم شـەوانەدا تووشـی جۆرێـك لـە میتافـۆر هـات.

بـۆ ئـەوەی بـاس لـە گۆڕینـی ڕیشـەیی بـارودۆخ بکاتـەوە، باسـی پێچەوانەکـەی خـۆی، واتـە مارکسـییەکانی کـرد. وەك بڵێـی قسـەی ناخودئـاگای مـەلا کرێـکار شـتێکی لـەم جـۆرە بێـت: ئیسـلامییە جیهـادەکان بـۆ ئـەوەی قسـە لـە بەدیـل بکـەن، دەبێـت وەك مارکسـییەکان بیـر لـە گۆڕینـی ڕیشـەیی وەزعەکـە بکەنـەوە و خەلافەتـی خۆیـان دامەزرێنن(گەرچـی لـە ئاسـتی فۆرمـاڵ و هاوکێشـە سیاسـی و مێژووییەکانـدا، مـەلا کرێکاریـش هەمـان موعاناتـی هەندێـك لـە چەپەکانـی هەیـە: چـۆن خۆیـان ڕێکبخـەن؟ بۆچـی هێـزی تـر بەرپێـی گرتـوون؟ چـی بکرێـت؟). لـە بنبەسـتەکاندا پەنابـردن بـۆ میتافـۆر، جۆرێـك لـە شـەرم و شکسـتی تیایـە. پرسـیارێك کـە میتافـۆرەکان تێکبشـکێنێت بریتییـە لـە پرسـیاری: چـی بکرێـت؟ پرسـیارەکە زۆر خێرا و دەمودەسـت دەردەکەوێـت، بـەڵام ڕەنگـە وردکردنەوەکـەی زۆرتـر بخایەنێـت. پرسـیارەکە خـۆی تیۆرییـە، بـەڵام دواجـار پرسیارێکیشـە کـە تیـۆر و پراکتیـك ئاشـتدەکاتەوە(گەرچی بـۆ چـەپ پرسـیارەکە لەوێـوە دەسـتپێدەکات چـۆن خـۆی درووسـتبکاتەوە و نـاو و ناوەڕۆکـی ئـەم تازەدرووسـتکردنەوەیە چـی بێـت).

# ئەدەبیاتی کەوتن (سقوط)

لـە بیسـتوپێنج سـاڵی ڕابـردوودا جـۆرە ئەدەبێـك لـە دونیـای ئێمـەدا زاڵبـووە کـە دەتوانیـن پێـی بڵێیــن ئەدەبــی ســقوگ(کەوتن). ئەدەبێــك کــە گریمانەکــەی ئەمەیــە: بەهەشــت و ڕۆژگاری خۆشـی مرۆڤایەتـی سـقووتی کـردووە و ئێمـە تـازە کەوتووینەتـە نـاو دۆزەخـەوە و دەبێـت خـوو بـەم دۆزەخـەوە بگریـن. هیوامـە زاراوەی (ئەدەبیاتـی کەوتـن یـان ئەدەبیاتـی سـقوگ) بکەوێتـە سـەر زاری ئەوانـەی کـە ڕەخنـەی ئـەم جـۆرە لـە ئەدەبیـات دەکـەن. ڕۆمـان و بەشـێك لـە شـیعر و چیـرۆك گوێـزەرەوەی ئـەم ئەدەبـەن و زۆرجاریـش دزەیانکردۆتـە نـاو وتـاری سیاسـی و فیکرییـەوە. ڕەنگـە بتوانیـن سـیفەتە سـەرەکییەکانی ئـەم ئەدەبیاتـە بـەم جـۆرە بژمێرییـن:

١) خاڵـی هاوبەشـی ئـەم ئەدەبـە لەگـەڵ دینـە ئیبراهیمیەکانـدا ئەوەیـە کـە هەردووکیـان بڕوایـان بـە کەوتنـی مـرۆڤ هەیـە بۆنـاو دونیایەکـی ناخـۆش و جەهەنمـی. جـا ناشپرسـن چـۆن بیگۆڕیـن و ڕیشـەکانی ئـەم دونیـا ناخۆشـە لەکوێدایە(لـە ئەفسـانەی یۆنانییشـدا هەیـە کـە مـرۆڤ سـەرەتا لـە ئاڵتـون درووسـتکراوە و دواقۆنـاغ کـە تێـی کەوتـووە قۆناغـی ئاسـن یـان قـووڕە).

٢) ئـەم ئەدەبـە، خۆپەرسـتی و سـقووتی شەخسـی بەرهەمدێنێـت. گـرێ دەروونییـەکان دەکات بـە کێشـەیەکی گشـتی و بـەم و بـەوی دەفرۆشـێتەوە: واتـە ئـەو زەمینەیـە شـیناکاتەوە کـە چ شـتێك ئـەم کێشـە دەروونـی و ڕۆحییانـەی بەرهەمهێنـاوە.

٣) ئـەم ئەدەبـە لـە هەنـدێ ڕووەوە، لـە واقیـع ڕادەكات و شـاری خەیاڵـی و بێنـاوەڕۆك دروووسـتدەكات. لەكاتێكـدا واقیـع خـۆی بـە كۆمەڵێـك فەنتازیـا و خەیـاڵ چـنراوە و واقیعـی ڕووت بوونـی نیـە( كۆمیدیایەكـە لەوێدایـە كـە هەڵگـران و خوێنەرانـی ئـەم ئەدەبـە، بـە سۆسـیالیزم دەڵێـن خەیـاڵات كەچـی خۆیـان نوقمـی هەندێـك وێنـەی خەیاڵـی و شـاری سـاختەن).

٤) ئـەم ئەدەبـە ڕێـك دەچێتـە خزمەتـی دەسـەڵات و سیسـتەمەوە، چونكـە ئەدەبێكـی بێـوەی و سـەلامەتە. ئەوپـەڕی یاخیبوونەكـەی مرۆڤێكـی نابەرپـرس و سـەگرەفتار دروووسـتدەكات. سـەگرەفتار(كەلبی مەسـلەك، synic)، واتـە كەسـێك كـە هەمـوو شـت ڕەتدەكاتـەوە بـەڵام ناڕاسـتەوخۆ هەمـوو شتێكیشـی قبوڵكـردووە. بـڕوای بـە هیـچ نیـە، بـەڵام خۆشـباوەڕترین مرۆڤـە و باوەڕەكانـی سیسـتەم و سـەرمایەداران و میدیـای بۆرژوازیـی هەڵمژیـوە.

٥) ئـەم ئەدەبیاتـە ڕق لـە سیاسـەت دروووسـتدەكات، كەچـی خـۆی لەسـەر بـازاڕ و سیاسـەت و هاوكێشـەكانی دەژی.

٦) ئـەم ئەدەبیاتـە كـە هـەم نوسـینە و هـەم وەرگێڕانیـش، لـەڕووی كەلتـور و عەقڵیەتـی كۆمەڵایەتییـەوە كۆنەخـوازە و عەقڵـە كۆنەكـە لەنـاو بریقوباقـی ئەدەبییـدا بەرهەمدێنێتـەوە. بۆنمونـە، پرسـی عەشـق بـە ناواخنێكـی عیرفانـی و كۆنەپەرسـتانەوە دێنێتـەوە و سـەروگوێلاكێكی مۆدێرنـی پێدەبەخشـێت و گەنجـەكان فریـودەدات.

٧) زۆرجـار دەپرسـن بۆچـی ئـەم ئەدەبیاتـە پەسـەنددەكرێت؟ وەڵامەكـەی زۆریـش قـورس نیـە. لـە واقیعـی ئێمـەدا شكسـت و سـقووگ و نائومێـدی زۆرە و خوێنەریـش لەگـەڵ نائومێدییەكانـی خۆیـدا دەیگونجێنێـت وهەسـتی ئاسـودەیی و ئۆرگازمـی لـێ وەردەگرێـت. گەرنـا وەك نـاوەڕۆك هیـچ ئازایەتییەكـی تیـا نیـە نائومێـدی تیۆریـزە بكەیـت، نائومێـدی خـۆی هەیـە و بلیمـەت و بابـای ئەدیبـی ناوێـت.

# ئایا کۆمۆنیزم و دین وەکو یەکن؟

یەکێك لـەو کلێشـانەی کـە بـۆرژوازی دژی کۆمۆنیـزم درووسـتیکردووە ئەوەیـە کـە دین(یـان ئیسـلامی سیاسـی) و کۆمۆنیـزم وەکویـەك ئیشـدەکەن و هاوبەشـن. لـە کتێبی(دیالەکتیـك-کتێبـی دووەمـی نێگەتیـڤ)دا ڕەخنـەی کتێبێکـی (ئەبوبەکرعەلی-ئەندامـی سـەرکردایەتیی یەکگرتـوو)م کـرد لەسـەر ئـەوەی هەمـان کلێشـە بەرهەمدێنێتـەوە و داعش(یـان ئیسـلامی جیهـادی) بـە خەباتگێـڕی کۆمۆنیسـتی دەچوێنێـت. لەگـەڵ بوژانـەوەی ئایدیـا کۆمۆنیسـتییەکان لەنـاو گەنجانـدا، لێـرەدا چەنـد خاڵێکـی تاڕادەیـەك جیاوازتـر دەورووژێنـم:

١)ئـەم شـوبهاندنەی دیـن بـە کۆمۆنیـزم، شـوبهاندنێکی ئەدەبییـە و وەك زۆر شـوبهاندنی تـر ناواخـن و بەرپرسـیارێتیی هەڵنەگرتـووە و لەسـەر لێکچوونـە ڕواڵەتـی و گشـتییەکان ئیشـدەکات. بۆنموونـە هـەر بـەم پێیـە، دەتوانیـت داعـش و نازیـزم لـە زۆر خاڵـی ڕواڵەتیـدا بەیـەك بچوێنیـت.

٢)لای جیهادییـەك کوشـتن خـۆی بەشـێکە لـە ئامانـج، هەرکـە کوشـتت ئیـتر بەشـێك لـە بەهەشـت دەبێتـە هـی تـۆ. لێـرەدا ئامـراز و ئامانـج، یـان کوشـتن و بەهەشـت ئەوەنـدە نزیکـن کـە ناتوانیـن بڵێیـن کوشـتن بەشـێك نیـە لـە بەهەشـت. بـەڵام لای کۆمۆنیسـتێك کوشـتن کەرەسـتەی بەرگریکردنـە لـە خـۆت و ئـەوە ئـەوان نیـن خەڵـك دەکـوژن، بەڵکـو بـۆرژوازی و سـەرمایەدارییە ناهێڵـن دونیایەکـی تـازەی تـر درووسـتببێت.

٣)کۆمۆنیـزم لەگـەڵ سـەرمایەدارییداهەڵناکات و جۆرێکـە لـە (مانـع الجمـع) و کۆنابێتـەوە.

بـەڵام دیـن لەگـەڵ سـەرمایەدارییدا هەڵـدەکات و بەشـێکە لـە دونیـا کۆنەکـە و هاوکاتیـش هەوڵـدەدات دونیایەکـی یەدەگـی تـر درووسـتبکات و خەڵکـی بـۆ بکوژێـت.

٤)دیـن کۆنتریـن فۆرمـی ئایدیاڵیزمـە، واتـە قوربانیکردنـی شـتە واقیعییەکانـە لەپێنـاوی کۆمەڵێـك ئایدیـای ڕووت و غەیبانیـدا، بـەڵام کۆمۆنیـزم سـەر بـە نەریتـی ماتریاڵیزمـە و لەنـاو هەلومەرجەکۆمەڵایەتـی و واقیعـی و مێژووییەکانـدا دەسـکاریی دونیـا دەکات.

٥)بەهەشـتی دینـی و سـەرمایەداری، جیاوازیـی چینایەتـی درووسـتدەکەن؛ بـەڵام کۆمەڵـگای کۆمۆنیسـتی هەوڵدانـە بـۆ لابردنـی جیاوازیـی چینایەتـی. لـە بەهەشـتی دینییـدا دیسـان جیاوازیـی چینایەتـی هەیـە و مرۆڤـەکان بەپلـەی جیاجیـا دابەشـدەکرێن و دەیـان پۆلێنـکاری هەیـە بـۆ جیاکردنـەوەی عەبدەکان(ئەمەیـان لەڕێـی قازانـج و زێدەبەهـاوە درووسـتنابێت بەڵکـو لەڕێگـەی ملکەچییەوەیـە).

٦)ئیسـلامی سیاسـی لـە زۆر ڕووەوە داردەسـت و درووسـتکراوی ئیمپریالیـزم و سـەرمایەداری بـووە. لەکاتێکـدا کۆمۆنیـزم دوژمنـی باوەکوشـتەی ئـەم دونیایەیـە و دەیەوێـت هەڵیتەکێنێـت. بۆیەشـە ڕووبـەڕووی توندوتیـژی و دوژمنـکاری بۆتـەوە و هەمـوان لـە ترسـاندا دەسـت تێکەڵدەکـەن.

# ئایا ڕۆشنبیران هەمیشە لە سەرەوە دادەنیشن؟

یەکێك لە ڕووە ئیجابییەکانی کۆمۆنیزمی سەدەی بیست(بەتایبەت لە فۆرمە ماوییەکەیدا) ئەوە بوو کە هەوڵدرا جیاوازی لەنێوان کاری دەست و بازوو/کاری زەینی و فیکرییدا کەمبکرێتەوە و نەهێڵرێت. ڕۆشنبیران نێردران بۆ گوندەکان تاکو لە ماهیەتی ژیانی لادێ تێبگەن و شتیان لێوە فێربن و، لە گوندەکانیشەوە جوتیاران هێنرانە شار تاکو ئاگایان لە وردەکارییەکانی تەکنیك و پیشەسازی و پێکهاتەی ژیانی شار بێت. ئەمە گەر تەنیا ئایدیایەکیش بێت ئەوا سودەکانی زۆرن، لەوانە:

١)جیاوازیی چینایەتی لە مەعریفەدا کەمدەکاتەوە و پرۆسەی ئایکۆنسازی و کەشوفشی ڕۆشنبیرانە تێکدەشکێنێت.

٢)ئەوەی کاری دەست و بازوو دەکات بە کەم سەیرناکرێت.

٣)جووڵە و دینامیکیەت دەکەوێتە کۆمەڵگاوە و کۆمەڵانی خەڵك دەبنەوە بە بکەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە بێئیشیدا دیاردەی بێزراو و ناخۆش کەمتر درووستدەبێت.

ئەمڕۆ خەڵکی شاریی ئێمە زۆر لە گوند دانەبڕاون، بەڵام هێشتا تێڕوانینە چینایەتییەکەش کاڵنەبۆتەوە. سەرمایەداریی هاوچەرخیش زۆر شتی لادێ و شاری لە ڕواڵەتدا تێکەڵکردووە بەڵام دیسان ئایکۆنسازی و ئیرەیی چینایەتی و دابڕینی خەڵکی کەمنەکردۆتەوە.

دەرەنجامەکانی ئەم جیاوازییە لە زۆر کلێشەدا هەیە و تەنیا یەکیان وەردەگرین: «قەیرانی خوێندنەوە. قەیرانی خوێندنەوە، دەستەواژەیەکی تاڕادەیەك سەرمایەدارانە و بۆرژوازییە. واتە تۆ دەبیتە نوسەر و کتێب دەنێریتە خوارەوە و وەك پێویست ناخوێنرێتەوە و ئیدی لە زەینی تۆدا دەبێتە کێشە و قەیران. بەتایبەت لەمڕۆدا ئەم ئایدیایە پتر دەسەلمێت. چونکە مەرج نیە زۆرینە بخوێننەوە و دونیاش ڕووەو چاکە و خۆشی بڕوات. ئەمڕۆ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەگشتی خوێندنەوە بۆتە کەلتور و سیستەمیش هەر لە قەیراندایە. خوێندنەوە چیتر نامەی نوخبەیەك نیە بۆ خوارەوە، بەڵکو دەبێت ببێتە پرۆسەیەکی جووڵاوی کۆمەڵایەتی و قەیرانەکە لەوێوە سەیربکرێت کە بۆچی دەرفەت بۆ زۆرینەی کۆمەڵگا نارەخسێت ببنە ئەهلی کتێب

# شێرکۆ بێکەس و ئەم ڕۆژانە...

شیعر لە مێژووی ئێمەدا، ڕۆڵی فیکر دەگێڕێت. نەك لەبەر ئەوەی پێگەی فیکری هەیە، بەڵکو سرووشتی فیکر وایە کە هەموو کایە و بوارەکانی تر تەرجەمە دەکاتە سەر زمانی خۆی و پاشان لێی ڕادەمێنێت و هەڵیدەسەنگێنێت. هەر بۆیەشە لە دوورمەودادا، دیوانە شیعرییەکان تاکە ڕابردووی فیکریی ئێمەن و بۆ تێگەیشتن لە جیهانبینیی کورد، دەبێت ئەو دیوانانە بخرێتە بەر تەفسیر و مەحکەمە. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە شیعر، کەناڵێکی فێڵباز و تەمومژاوییە بۆ ئەوەی هۆشیاریی باو و کۆمەڵایەتی لە خۆیدا بپارێزێت و پێشمانوابێت دابڕان و داهێنانی کردووە.

ئەم ڕۆژانە یادی مردنی شێرکۆ بێکەسە. ڕەنگە ئێستا تۆزێك ڕوونتر بتوانین شێرکۆ ببینین، ئێستا مەودایەك درووستبووە بچینەوە سەر ئەو کەلەپورەی کە جێی هێشتووە. بۆچی شێرکۆ وا بەئاسانی قبوڵکراوە و هەموان خۆیانی تیا دەبیننەوە؟ ئایا هەستی ناسیۆنالییە و هیچی تر؟ ئایا شێرکۆ چی ئاسۆیەکی داوە بە مرۆڤی ئێمە بۆ دونیایەکی باشتر؟ ئایا شێرکۆ هەمان مێژووی درێوی ئێمەی لە دووتوێی ئێستاتیکا و وێنەی شیعری و میتافۆردا بەرهەمنەهێناوەتەوە؟ هەڵبەت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی دوایی، پێویستە لەو سادەگەراییە دەرچین کە شیعر پاکە و بێلایەنە و دەستی ئالودە نیە. بەپێچەوانەوە، شیعر بۆ مێژوویەکی دوور، دەتوانێت کلێشە و قەناعەت و عەقڵی کەلتوری بەرهەمبێنێتەوە و بەئاسانییش درکی نەکەین. چۆن بتوانین لەوە دڵنیابینەوە شێرکۆ دەسکاریی ڕوانینی ئێمەی کردووە بۆ ژن، ئیلحاد، ئازادی، خەبات، حەقیقەت، پەیوەندیی شیعر و سیاسەت، پێکهاتەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی؟

شیعر و فیکر، دەتوانن دوو ڕۆڵ بگێڕن. یەکەمیان تۆزێك کۆنەپەرستانەیە و دووەمیش پێشکەوتنخوازانە. یەکەمیان ئەرکی نواندنەوە(representation)، دووەمیان ئیبداع و ئەفراندن(creation). یەکەمیان ئەوەی ڕوویداوە دەینوێنێتەوە و پیشانیدەداتەوە و ئیشی ئاوێنەی هەیە. دووەمیان، بە باش یان خراپ، شتێك بۆ سەر ڕوانینی خەڵك زیاددەکات،

ئیشـــەکەی تەنیـــا پیشـــاندانەوە نیـــە. خەڵـــك بەگشـــتی شـــەیدای ئـــەوەن شـــتەکانیان بـــۆ پیشـــانبدرێتەوە، قســـەی دڵـــی ئـــەوان بکرێـــت، کەســـێك بێـــت و لـــەو دۆخـــە لاڵەیـــان دەربـــکات. شـــێرکۆ لـــە کامیانـــە؟

ڕەنگە بۆ کۆمۆنیستێك شێرکۆ لە دوو ئەگەردا بمێنێتەوە:
١) گـەر کـۆی ڕوانینـی شـیعرییانەی شـێرکۆ یۆتۆپیایەکـی تیایـە، چـۆن ئـەم یۆتۆپیایـە ڕزگاربکەیـن و بیکەینـە مۆدێلێـك بـۆ هۆشـیاریی کۆمەڵایەتـی.
٢) یان شێرکۆ سەر بە چینی بۆرژوایە و ڕوانینی لە ناسیۆنال/بۆرژوایەك تێپەڕی نەکردووە.

لـەم حاڵەتـەدا دەبێـت ئـەو قسـەیەی ئەدۆرنـۆ بورووژێنینـەوە کـە دەڵێـت: بـۆ ئـەوەی لـە گرنگیـی بۆدلێـر تێبگەیـن دەبێـت بیخەینـەوە نـاو چینەکـەی خـۆی، چینـی بـۆرژوا. گوایـا بۆدلێـر بۆرژوایەکـە و لـە هەندێـك ڕووەوە لـە چینەکـەی خـۆی یاخـی بـووە

ئایا شێرکۆ دەتوانێت بۆدلێر بێت؟

# خێچڕوانین لە شیعر:

خێچڕوانیـن(looking awry) شـێوازێکی تـرە لـە ڕوانیـن. چیـتر ڕاستەوڕاسـت سـەیری شـتەکان ناکەیـت، کلێشـە بـاوەکان قبـوڵ ناکەیـت، زۆرجاریـش شـوێنی شـتەکان دەگۆڕیـت، شـوێنی نیـگا و دیمـەن ئاڵوگۆڕدەکەیـت. لـەم جـۆرە ڕوانینـەدا، چـاو چیـتر پنتێکـی سـەلامەت و وەسـتاو نیـە و وەك خـۆی نامێنێتـەوە، بەڵکـو ئەوانیـش دەبنـە بەشـێك لـە دیمەنەکە(بەپێچەوانـەی کلێشـەیەکی بـاوی وەك ئـەوەی سـوهرابەوە: دەبێـت چاوانمـان بشـۆین و...). چـاو خـۆی بەشێکە لـەو پرۆسـەیەی کـە گۆڕانـی بەسـەردا دێـت، خـۆی بەشـێکە لـەو واقیعـەی کـە دەیەوێـت بیگۆڕێـت.

ئایـا شـیعر دەتوانێـت شـۆڕش بـکات؟ دیـارە گـەر مەبەسـتمان لـە شۆڕشـێکی ماتریاڵیسـتیی کۆمەڵایەتـی بێـت، ئـەوا نەخێـر بەتەنیـا ناتوانێـت. زۆرجـار شـیعر خـۆی پێویسـتی بەوەیـە شـۆڕش و گۆڕانـی بەسـەردا بکرێـت، ئەویـش نـەك تەنیـا بـە ڕەخنـە و وشـە و تیـۆری ئەدەبـی، بەڵکـو بەهـۆی واقیـع خۆیـەوە. گـەر دەسـکاریی واقیعـت کـرد، شـیعریش وەك بەشـێك لـەو واقیعـە دەکەوێتـە بـەر گـۆڕان. شـیعر مـادام گوێـزەرەوەی جۆرێـك لـە هۆشـیاریی کۆمەڵایەتییـە، ئـەوا هـەروا بەشـێکی سـادە و بچوکـی واقیـع نیـە. نەخـوازەلا بـۆ پێشـینەی هۆشـیاریی کۆمەڵگای ئێمـە کـە زیاتـر هۆشـیارییەکی شـیعرییە. گـەر شـاعیران لـە قۆناغێکـدا ببنـە بەشـێك لـە شۆڕشـی کۆمەڵایەتی/سیاسـی، ئـەوا دەشـێت لـە سـەردەمێکی تـردا پێویسـتیان بـەوە بێـت شۆڕشـیان بەسـەردا بکرێـت.

واقیـع شـمەکێك نیـە لەبەردەسـتماندا بێـت و دەسـکاریی بکەیـن. ئەمـە کورتکردنـەوەی واقیعـە بـۆ ئامـراز، کاڵا، بـت و فیتیـش. ئێمـەش بەشـێکین لێـی و ناتوانیـن بەشـێوەیەکی میکانیکـی بـۆی دانیشـین و وەك تابلۆیـەك سـەیری بکەیـن. بۆیـە هـەر گۆڕانێـك لـە واقیعـدا، گـۆڕان بەسـەر

کەسـایەتی و سـوبێکتیڤیتەی ئێمەشـدا دێنێـت. بـەم پێیـە، شۆڕشـگێڕە ڕاسـتەقینەکانیش دەتوانـن شـاعیر بـن. نـەك تەنیـا بەومانایـەی دانیشـن و قەسـیدە بنوسـن، بەڵکـو بـەو واتایـەی ئەگـەر و ئیمکانـی تـر لەبـەردەم واقیعـدا دەکەنـەوە. ئاسـۆی تـر دەخەنـە بەردەسـتمان کـە پێشـتر ڕەنگـە باوەڕیشـمان پێـی نەبووبێـت. ڕیتـم و ڕێسـا بـاوەکان لـەو شـوێنە هەسـتیارانەدا تێکدەشـکێنن کـە بـە تێکسـتی ئاسـایی ناشـکێت. سـایکۆلۆژیایەکی تـر درووسـتدەکەن کـە چیـتر سـێبەری تێکسـت نیـە. دەکرێـت شـۆڕش خـۆی قڵیشـانێك لـە واقیعـدا درووسـتبکات، کـە کاریگـەری لەسـەر تێکسـتەکانی سـەدەیەك دابنێـت.

ماوتسـی تۆنـگ، شۆڕشـگێڕی کۆمۆنیسـتیی چیـن قسـەیەکی بەناوبانگـی هەیـە و دەڵێـت: (شـۆڕش میوانـداری نیـە، نوسـینی وتـار نیـە، نیگارکێشـان و گوڵدوورریـن نیە...هتـد). مـاو دەیتوانـی ئەوەشـی بـۆ زیادبـکات: شـۆڕش نوسـینی شـیعر نیـە. بـەڵام ئـەم قسـەیەی مـاو هێشـتا ڕوانینێکـی تەقلیدییـە و دەبێـت شـوێنی ڕوانینەکەمـان بگۆڕیـن و خێـچ و لار لێـی بڕوانیـن و بڵێیـن: مـاو بەبـێ ئـەوەی تێبـگات خـۆی یەکێکـە لـە گەورەتریـن شـاعیرانی سـەدەی بیسـت و چەنـد سـەدەی پێشـوو. لەبـری تێکسـت، واقیعـی بەهـۆی دەسـتێوەردانەوە پێناسـەکردەوە. هەوڵـی درووسـتکردنی یۆتۆپیـای لـە کاغـەزەوە بـردە سـەر زەوی و مێـژوو و نـاو واقیعـەوە.

لـە قۆناغێکـی شۆڕشـگێڕانەی ڕاسـتەقینەدا، هەمـوان دەتوانـن ببنـە شـاعیرێکی دەسـتەجەمعی و مێـژوو وەك تێکسـتێك بنوسـنەوە.

# دژ بە «نوسخەی ئایدیاڵ»ی کۆمۆنیزم:

یەکێك لە هەڵە زەقەکانی کۆمۆنیزم لە عێراق و کوردستاندا، بە درێژایی چەند دەیەی پێشوو، گەڕان بووە بەدوای نوسخەیەکی ئایدیاڵ و بێ‌کەموکورتیی کۆمۆنیزمدا. واتە بۆ نوسخەیەکی کۆمەڵگای سۆسیالیستی دەگەڕێن کە نوقسانیی نەبێت، یان دەقاودەقی بۆچوونەکانی مارکس بێت. هۆیەکانی پشت ئەم بۆچوونە بەشێکی لە هەژاریی تیۆرییەوە سەرچاوەی گرتووە، جگە لەوەی ئەم ڕوانینە لەو شوێنەوە لەگەڵ بۆچوونی بۆرژوازی و دژەکۆمۆنیستیدا یەکدەگرێتەوە کە هەردووکیان بارێك دەخەنە سەر شانی کۆمۆنیزم کە هەرگیز لە مێژوودا بەو دیقەتەوە نەیەتەدی:

(١) ئەم ڕوانینە بەبێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات، زیاتر ڕوانینێکی میتافیزیکییە. میتافیزیك لە ئاستە سادە و دینییەکەیدا، بەهەشت دەخاتە دەرەوەی کات و شوێن و مێژووەوە. بۆیە وا دەڕوانن کۆمەڵگای سۆسیالیستی کە لە دەرەوەی مێژووەوە بێت و بەبێ خڵتەوخۆڵی مێژوو پیادەی بکەیت(ئەمانە ڕێ بۆ تۆمەتە بەردەوامەکانی بۆرژوازی و لیبراڵەکان خۆشدەکەن تاکو کۆمۆنیزم بە بەهەشتێکی درۆیینە و بەدینەهاتوو وەسفبکەن و زۆرجاریش بیچوێنن بە دین).

(٢) تیۆر تا نەیخەیتە پراکتیکەوە و فڕێی نەدەیتە ناو مێژووەوە، کورتی و درێژییەکەی دەرناکەوێت. تیۆرەکان کە دەخرێنە ناو مێژووەوەوە، یان کورتدێنن یان سەردەکەن. تیۆری فیتاوفیت بوونی نیە. ئەمەش بۆ ئەو ناهاوسەنگییەی نێوان واقیع و تیۆر دەگەڕێتەوە، نێوان وشە و شت، نێوان ئایدیا و ماتەر. تیۆرەکان دەبێت سەرەتا بخرێنە ناو کات و شوێنەوە و پاشان هەموار و دەسکاری بکرێن(مارکس خۆی تیۆر بە ڕووبەرێکی خۆڵەمێشی دەچوێنێت کە ئەگەری گۆڕانی زۆری تیایە. کۆمۆنەی پاریسیش کە حکومەتێکی کاتیی

کرێـکاری بـوو لـە سـاڵی ١٨٧١، مارکسـی خسـتە هەمـان دۆخـەوە. مارکـس سـەرەتا پێـی بـاش نەبـوو جووڵانەوەیەکـی وەهـا بکرێـت، بـەڵام کـە کـراش چووەپاڵـی و کتێبێکـی لەبـارەوە نوسـی و یـە چرکەسـاتێکی گەشـی زانـی لـە مێـژووی مرۆڤـدا).
(٣) نوسـخەی ئایدیـاڵ پێشـوەخت و لەسـەرەتاوە درووسـتناکرێت، بەڵکـو پـاش تێسـتی مێژوویـی وردەوردە درووسـتدەکرێت. ئێسـتا پـاش کۆمەڵێـك ئەزموونـی کۆمۆنیسـتی لـە سـەدەی بیسـتدا، دەتوانیـن نوسـخەیەکی کەمتـازۆر واقیعـی درووسـتبکەین و دەسـت لـە یۆتۆپیـا و خەونـی باڵاتریـش هەڵنەگریـن. گـەر ئەزموونەکانـی سـەدەی بیسـت بـە کۆمۆنیـزم نەزانیـت، ئـەوا دەبێـت تاهەتایـە چاوەڕوانـی خەیاڵاتـی بەهەشـتییانەی خـۆت بیـت.
(٤) هەژاریـی تیۆریـی ئـەم ڕوانینـە لەوێـوە دەردەکەوێـت کـە تەنیـا لـە فاکـت و داتـا و ژمـارە تێـدەگات. هـەر بۆیەشـە لـە نیقاشـە بۆرژوازییەکانـدا دەمـی دەبێتـە تەڵـەی تەقیـو. گـەر فاکتێـك بێنێتـەوە، بـۆرژوازی ئەنتی-فاکتێـك دێنێتـەوە. فاکـت بـەس نیـە. هەندێـك شـت بـە ڕێسـای تیـۆری وەڵامدەدرێنـەوە. هیچـکام لـە پارچەکانـی کۆمۆنیزمـی سـەدەی بیسـت زیـادە نیـن و پەیوەندییەکـی لۆژیکییـان پێکـەوە هەیـە، ئیـتر بـە بـاش و خراپیـەوە.
(٥) ئـەم تێڕوانینـە کـە دەگاتـە سـەر ئیسـلام، دەڵێـت داعـش ئیسـلامە. بـەس کـە دەڵێـن سـتالین و مـاو کۆمۆنیسـتە، ڕادەکـەن. ئەمـە دووڕوویەکـی تیۆرییـە. چـۆن داعـش بەشـێکە لـە ئیسـلام(وێڕای هاوکێشـە ناوچەیـی و جیهانییـە سـەرمایەدارییەکان)، هەمـوو ناوەکانـی سـەدەی بیسـتیش بەشـێکن لـە کۆمۆنیـزم و لـە ئیجابیاتـدا قابیلـی داکۆکییـن و لـە هەڵەکانیشـدا قابیلـی تێگەیشـتن و پیاچوونـەوە. هـەر نوسـخەیەکی نـوێ، لەسـەر شـانی ئـەو ئەزموونانـە دێتەکایـەوە.
(٦) گـەر نوسـخەی ئایدیـاڵ بخەیتـە بەردەمـی خەڵـك، ئـەوا خەڵـك تووشـی نائومێـدی دەکەیـت: چونکـە چاوەڕوانـی بەدیهاتنـی بەهەشـتێکە. هەڵگرانـی ئـەم ڕوانینـە تێکـڕا پـاك و بێگـەرد و ئومێـدەوارن، چونکـە لەبناغـەوە فڕیـان بەسـەر بەدیهاتنـی شـتەکەوە نیـە. گـەر کۆمۆنیـزم خراپـەی تـەواو بـووە، ئەمانـە سـەردەکەنەوە بەنـاو نوسـخە بێگەردەکـەی مارکسـدا. ئیـتر بێبـاك لـەوەی خەڵـك دەیەوێـت لەواقیعـدا هیـوای هەبێـت و نمونـەی هەبێـت و هەسـتبکات ڕۆژگارێـك ملیۆنـان مـرۆڤ لـەم پێنـاوەدا کـوژراون.
هـەر بەرەنگارییەکـی نـوێ لـە تێگەیشـتن لـەم مێـژووەوە دەسـتپێدەکات، پاشـان ڕۆچـوون بەنـاو واقیعـی کۆنکرێتیـی خۆتـدا. کۆمۆنیـزم نوسـخەیەکە بـە دەیـان سـیفەتی ناوخۆییـەوە...

# به‌ره‌و جه‌ژنێکی ماتریاڵیستی...

جـه‌ژن به‌شـێکه لـه ڕێکخسـتن و ته‌نزیماتـی سیاسـیی ئیسـلام و هتـد. لـه جه‌ژنـدا دینـداران هه‌وڵـده‌ده‌ن واخۆیـان پیشـانبده‌ن کـه هه‌سـتێکی ناوه‌کـی وناخه‌کـی ده‌گۆڕنـه‌وه و زوویربوونـه‌کان ده‌سڕنه‌وه. بـه‌ڵام له‌سـه‌رووی ئه‌مانـه‌وه، مه‌به‌سـتێکی سیاسـیی دینیـی هه‌یـه و ئیسـلام بـۆ ده‌وره‌یه‌کـی تـر خـۆی ڕێکده‌خاتـه‌وه. بـه ده‌ربڕینێکـی تـر، جـه‌ژن په‌یوه‌ندییه‌کـی ئه‌وتـۆی بـه هه‌سـتی ناوه‌کییـه‌وه نیـه و گـه‌ر هه‌شـیبێت کاتییـه، به‌ڵکـو مه‌راسـیمێکی ئایدۆلـۆژی و ده‌ره‌کییـه و په‌یوه‌ندیـی ئاسـۆیی نێـوان عه‌بـده‌کان ڕێکده‌خاتـه‌وه. گـه‌ر سـه‌له‌فییه‌کان چه‌مکـی «هیدایـه‌ت» له‌بـری ڕێکخسـتن به‌کاربێنـن، ئـه‌وا ئیسـلام له‌کـۆدا جه‌ژنـه‌کان وه‌ك پاراسـتنی ناوکـه ته‌نزیمییه‌کـه‌ی خـۆی به‌کاردێنێـت. لێـره‌دا تێزه‌کـه‌ی لاکان وه‌ختـه وه‌ك تێزێکـی کلاسـیکیی لێدێـت و دیسـان ڕاسـتیی خـۆی ده‌سـه‌لمێنێت: ده‌روون لـه ده‌ره‌وه‌یـه.

مه‌ترسـییه‌ك هه‌یـه: سـه‌رمایه‌داری بـه جـۆری خـۆی جه‌ژنه‌کانـی ماتریاڵیسـتی کردۆتـه‌وه. ماتریاڵیزمێکـی میکانیکـی و بـازاڕی و قازانجپه‌رسـت. ته‌ره‌قه و که‌ره‌سـته‌ی مناڵانـه و کاڵاپه‌رسـتیی جه‌ژنانـه لـه بـه‌ری جه‌ژنـان و ڕۆژانـی جه‌ژنـدا، نیشـانه‌یه‌کی ڕوونـه بـۆ ئه‌مـه. ماتریاڵیزمێـك کـه سرووشـت ده‌کاتـه کاڵا و پاشـان ده‌یفرۆشـێت و ده‌یته‌قێنێتـه‌وه و ژینگـه پیسـده‌کات. جه‌ژنـی ڕه‌مـه‌زان گه‌وره‌تریـن قوربانیـی ئـه‌م ماتریاڵیزمـه‌ی سـه‌رمایه‌دارییه: ڕۆژانـه شـت مه‌خـۆ، بـۆ ئـه‌وه‌ی شـه‌وانی ڕه‌مـه‌زان و جه‌ژنـی ڕه‌مـه‌زان زۆرتریـن ماتریـاڵ بکڕیـت و ئیمانـی خـۆت مـادی بکه‌یتـه‌وه.

که‌واتـه چـۆن جه‌ژنـه‌کان ماتریاڵیسـتی بکه‌ینـه‌وه؟ واتـه جـه‌ژن لـه ڕوانگـه‌ی جه‌ژنـه‌وه بخوێنینـه‌وه و لـه پاڵنـه‌ره میتافیزیکـی و ئایدیاڵیسـتییه‌کانی داڕنیـن؟

١)لـه جه‌ژنـدا جارێکـی تـر په‌یوه‌ندیـی تۆکمـه‌ی دیـن و ناسـنامه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تـی ده‌رده‌که‌وێتـه‌وه. واتـه هـه‌ر دینداریێـك وه‌ك شوناسـێکی کۆمه‌ڵایه‌تـی و ماتریاڵـی سـه‌یری دینداربوونـی خـۆی

دەكات. ڕەنگـە لەبـەر ئـەوەش بێـت كـە زۆرێـك ناتوانـن دەسـبەرداری دیـن بـن و نایانەوێـت لـە چـاوی كۆمەڵـگا و ژینگـە كۆمەڵایەتییەكـەوە بكەونەخـوارێ. ئایـا دیـن خـۆی پرسـێكی كۆمەڵایەتـی و ماتریاڵـی نیـە؟ جـەژن مانیفێسـتبوونی ئـەم پرسـە نیـە؟

٢)دەكرێـت سـەرەتا مـەودا لـەم جەژنـە هاوبەشـەی دیـن و سـەرمایەداری وەربگریـن. پاشـان لەجێـی هـەر چەمكێكـی ئایدیالیسـتی، تەفسـیرێكی ماتریاڵیسـتی زاڵبكەین(كارێكـی هاوشـێوەی بیریـاری ماركسـی ئیرنیسـت بلـۆخ كـە لەبـری بەهەشـت، یۆتۆپیایەكـی ماتریاڵیسـتی و دونیایـی و كۆمۆنیسـتی تەرحـدەكات و مـادە ڕوویەكـی خـەلاق و خۆبەخـۆ و داهێنەرانـە وەردەگرێـت). گەرنـا هـەر ئایدیاڵیزمێكـی زیـادەڕۆ، ڕێگـە خۆشـدەكات بـۆ ماتریاڵیزمێكـی بـازاڕی و زیـادەڕۆی سـەرمایەداری.

# بۆچی کۆمۆنیستەکان پێشناوی «هاوڕێ» بەکاردێنن؟

هـەر جیهانبینییـەك، خاوەنـی سیسـتەمی زاراوەیـی تایبـەت بـە خۆیەتـی. بۆیـە زاراوەکان، شـتێکی سـودفە و ڕێکـەوت نیـن. گـەر لـە ئیسـلامدا وشـەی برا/خوشـك زۆر دووبارەبێتـەوە و ئایەتـی قورئانـی ڕەوایەتـی بـەو زاراوانـە بـدات، ئـەوا لـە کۆمۆنیزمـدا وشـەی «هـاوڕێ» هەڵگـری ڕەوایەتییەکـی تایبەتـە. گەرچـی ڕیشـەی وشـەکە بـۆ شۆڕشـی بۆرژوازیـی فەرەنسـا و بگـرە پێشـتریش دەگەڕێتـەوە، کەچـی دواتـر لەنـاو سۆسیالیسـتەکانی کۆتایـی سـەدەی نـۆزدە و تێکـڕای سـەدەی بیسـتدا دەبێتـە تێرمێکـی زۆربەکارهاتـووی کۆمۆنیسـتی. لـە بەراییەکانـی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەردا، بەلشـەفیکە شۆڕشـگێڕەکان لـە نامـە و بانگەوازەکانیانـدا کەسـانی بەرامبەریـان بـە (هـاوڕێcomrade- Kamerad) ناودەهێنـا. هـاوکات سـوپای نەیـاری سـپییەکانیش وەك سـوکایەتی سـەیری ئـەم وشـەیەیان دەکـرد. لـە ناوەڕاسـتی بیستەکانیشـدا کـە سـۆڤیەتی کۆمۆنیسـتی کەوتـە سـەرپێی خـۆی، وشـەکە بـوو بـە وشـەیەکی ڕۆژانـە و هەمـوان بەویتریـان دەوتـەوە. دواتریـش حیزبـی کۆمۆنیسـتی چیـن بـۆ منـاڵ و ژن و بەسـاڵاچووان وشـەی هاوڕێـی دەخستە پێـش ناوەکانیانـەوە. وشـەکە لـە ئینگلیزییـدا تاڕادەیـەك نزیکـە لـە وشـەکانی وەك(friend, mate, colleague)ـەوە. لـە عەرەبـی و فارسییشـدا (رفیـق) بەکاردێـت و لـە کوردییشـدا هـاوکات هەڤـاڵ، هیڤالـۆ بەکاردێـت. بـا لـە فـۆرم تێپەڕیـن، ناوەڕۆکـی وشـەکە گوزارشـتە لـە چـی؟

(١) هـاوڕێ واتـە مرۆڤـەکان هاوڕێـگا و هاوخەباتـن، چاویـان لـە یـەك ئاسـۆ و یـەك ڕێگایـە کـە کۆمۆنیـزم و کۆمەڵـگای ڕزگاریـی کۆمۆنیسـتییە.

(٢) مرۆڤـەکان لـە پەیوەندییەکـی ئاسـۆییدا دەژیـن نـەك سـتونی. کـەس لـە دۆخـی ئاسـاییدا سـالار و سـەرداری تەواوەتیـی ئەویـتر نیـە.

(٣) تێکشـکاندنی پێشـگرە خێڵەکـی و بۆرژوازییەکانـی وەك ئاغـا، بـرام، خوشـکێ، کاکـە، گـەورەم، قوربـان، سـەیدا، سـەید، هتـد.

(٤) هەڵگرتنـی جیاوازیـی ڕەگـەزی لەنێـوان ژن و پیـاو لەلایەکـەوە و، نەتەوەکانـی تـر و شوناسـەکانی تـر لەلایەکـی تـرەوە.

(٥) لێـدان لـە نـاوی تایبـەت، وەکچـۆن کۆمۆنیـزم لێدانـە لـە خاوەندارێتیـی تایبـەت و هەڵوەشاندنەوەی(لێرەشـەوە سـایکۆلۆژیای خەڵـك ئامادەدەکرێـت دەسـت لـە ئیرەیـی و موڵکیەتـی زۆرشەخسـی هەڵگرێـت.(

# باوکەکان تا کوێ دێن؟

بـاوك زیاتـر بونیـادە وەك لـەوەی «یـەك کـەس» بێـت. دەشـێت مامۆسـتا، خـودا، سـەرۆك، یـان دەزگایەکـی کۆمەڵایەتـی بێـت. سـەیر نیـە گـەر ژنێکیـش بتوانێـت ڕۆڵـی پیـاو و بـاوك بگێڕێـت. قسـەکانی ئەمـڕۆی «چنـار سـەعد» قسـەیەکە لـە پێگـەی باوکێکـەوە دەکرێـت: خـەم و ختـورەی باوکێکـی کامـڵ بـۆ سـەر کچـە ڕفێـنراو و ئەتککراوەکانـی.

پەیوەندیـی بـاوك و منـاڵ، لـە سـەرەتاوە پەیوەندییەکـی جەسـتەیی و بایۆلۆژییـە. کەمێـك دواتـر دەبێتـە پەیوەندییەکـی ڕەمـزی و کۆمەڵایەتییـش، واتـە باردەکرێـت لـە کۆمەڵێـك بەهـا و شـوناس و ئەمانـەت. بـە دەربڕینێکـی تـر، پەیوەندیـی منـاڵ و بـاوك زیاتـر سـودفەیە و کۆمەڵـگا دەیکاتـە زەروورەت. لـە تـەواوی کۆمەڵـگای مرۆڤایەتیـدا پەیوەندییەکـە بـەم جۆرەیـە و تەنانـەت لیبراڵیزمـی ڕۆژئاواییـش نەیتوانیـوە سـلوکی باوکسـالاری تێپەڕێنێـت. ئەمـە لەکاتێکـدا کـە مـەرج نیـە هیـچ پەیوەندییەکـی ناچـاری و پیـرۆز لەنێـوان منـاڵ و باوکـدا هەبێـت. دەکرێـت دابڕانێکـی گـەورەی دەروونـی و ناسـنامەیی لەنێـوان ئـەو دووانـەدا هەبێـت و هیـچ شـتێك پـڕی نەکاتـەوە.

«نـاو» جیایـە لـە «بـاوك». دەشـێت تـۆ سـۆز و پەرۆشـییت بـۆ «ناو»یـك هەبێـت لـە ئێسـتادا یـان لـە مێـژوودا، لـە نزیکتـدا یـان لـە دوورەوە، لـە نەریـت و ئایدۆلۆژیایەکـدا یـان لـە دەرەوەی ئایدۆلۆژیایەکـەوە. ڕەنگـە وەفـا بـۆ باوکـەکان لـە دووبارەکردنـەوە و نواندنەوەیانـدا نەبێـت، بەڵکـو لـە تێپەڕاندنـی ڕاسـتەقینەی ئـەو بەشـەیاندا بێـت کـە لەگـەڵ هاتنـی تـۆدا تێدەپەڕێـت. هەمـوو منالێکـی نێـر لـە ئێسـتادا، ئەگـەری باوکایەتیـی هەڵگرتـووە. بۆیـە ڕەخنەکردنـی باوکایەتـی تەنیـا بەقسـە و تیـۆر نابێـت: بـە لێـدان لـە پیرۆزکردنـی زەواج و سـنورەکانی خێزانـەوە دەسـتپێدەکات.

«زۆڵەکان» سەرگەردانن، بەڵام هێندەی سەرگەردانییشیان ئازادن...

# ترس لە ڕەش و سپی:

یەکێك لـەو قسـانەی کەوتۆتـە سـەر زاری خوێنـەواری ئێمـە ئەوەیـە کـە: دونیـا بـۆ ڕەش و سـپی دابـەش مەکـە. گوایـا دابەشـکردنی دونیـا بـۆ ڕەش و سـپی، بەرهەمهێنانـەوەی بونیـادی دینـە، بونیـادی شـەیتان و خـودا.
گـەر لـە ڕوانگـەی دیالەکتیکییـەوە سـەیری ئـەم بۆچوونەبکەیـن، ئـەوا جێـی ڕەخنەیـە. چونکـە نـە ڕەش ڕەشـی تـەواوە و نـە سـپییش سـپیی تـەواوە. سـپی و ڕەش ئـەو ئەگەرەیـان لەخۆیانـدا هەڵگرتـووە کـە وەرگەڕێـن بـۆ سـەر یەکـتری و بچنـە شـوێنی یەکـدی. نـەك لەبـەر ئـەوەی ڕەش و سـپیمان نیـە، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی جەمسـەرە دژەکان زۆرجـار لـە هەنـاوی یەکـترەوە دێـن، ڕۆڵـی یەکـتر دەگێـڕن، خزمـەت بەیەکـتری دەکـەن. ڕەنگـە دابەشـکردنی دونیـا بـۆ ڕەش و سـپی لەوێـوە مەترسـیدار بێـت کـە دونیـا بـۆ فیزیـك و میتافیزیـك دابەشـبکەیت. گەرنـا لەنـاو مێـژوو و سـیاقی کۆمەڵایەتیـدا دابەشـکردنی شـتەکان بـۆ ڕەش و سـپی پێشـمەرجێکی لۆژیکـی و تەنانـەت ئەخلاقییشـە.
ئـەوەی نەتوانێـت شـتەکان بـۆ ڕەش و سـپی دابەشـبکات، لـە شـەڕی دەسـتەویەخە دەترسـێت. سـەری خـۆی دەکات بـە ناوچـەی درۆیینـەی خۆڵەمێشـیدا. ڕیشـەی ئـەم ترسـەش، بـە قەولـی هابەرمـاس، بـۆ کۆنەپارێزیـی پۆسـتمۆدێرنەکان دەگەڕێتـەوە. لای ئـەوان کـەس مافـی ئـەوەی نیـە حەقیقەتـی ڕەش یـان سـپی هەڵگرێـت. لـە مۆدێرنـە و ڕۆشـنگەرییدا، ڕەش و سـپی هێشـتا دوو بـەرەی شـەڕکردنن: حەقیقەت/ناحەقیقـەت، زانسـت/تاریکی، پێشـکەوتن/دواکەوتن، شـۆڕش/هێشـتنەوە، کرێکار/سـەرمایەدار، دین/خورافـە، هتـد.
بمانـەوێ و نەمانـەوێ، سـەرەڕای وردە پێکداچـوون، ڕەش و سـپی بەتۆخـی هەیـە. گـەر ترسـەکە لـە شـەیتان و خـودا بێـت، ئەمـڕۆ شـەیتان و خـودا لەسـەر زەوی و لەنـاو مێـژوو و کەلتـوری ئێمەشـدا ئامـادەن. نوێنـەری ڕەش و خراپـە، کەوتۆتـە بەرامبـەر نوێنـەری سـپی و چاکـەوە کـە ڕەنگـە هـەر لـە هەنـاوی خۆیـەوە دەربهێنرێـت.
لەڕواڵەتـدا وادەردەکەوێـت ئەوانـەی نایانەوێـت شـتەکان بـۆ ڕەش و سـپی دابەشـبکەن، خەمـی عەقڵـی و کەلتورییـان هەیـە. بـەڵام چـی دەبێـت گـەر ئـەم خەمـە کۆنەپەرسـتانە بێـت و تێکدانـی شـەڕی ڕەش وسـپی بێـت لەگـەڵ مێـژووی خۆمانـدا؟

# دژ به «زمانی جه‌سته»:

زمانـی جه‌سـته‌(body languagee) یه‌كێكـه‌ لـه‌ نیمچه‌زانسـته‌ نوێیـه‌كان و بازاڕێكـی گه‌رمـی هه‌یـه‌ لـه‌ دونیـادا. لـه‌ كوردسـتانیش خه‌ریكـه‌ وه‌ك هونه‌رێكـی (نـاوازه‌!) پێشـوازیی لێده‌كرێـت. ده‌توانیـن لـه‌ هه‌نـدێ ڕووه‌وه‌ ڕه‌خنـه‌ی بكه‌یـن:

١))ئـه‌م جـۆره‌ سـه‌رگه‌رمییانه‌ گـه‌ر سـودێكی بچوكیشـی هه‌بێـت ئـه‌وا سـوده‌كه‌ی بـۆ چینـی بـۆرژوازی و سیسـته‌می سـه‌رمایه‌دارییه‌. میدیـا و كلاس و په‌رتـوك و بـازاڕی ئه‌وانـی پـێ گـه‌رم ده‌كرێـت. هاوشـانی ئه‌مـه‌ به‌زمـی تریـش زۆربـوون وه‌ك: یـۆگا، گه‌ڕانـه‌وه‌ی عیرفانـی شـه‌رقی لـه‌ غـه‌رب، ده‌روونناسـیی مامه‌ڵـه‌ و بازرگانـی و هاوڕێیه‌تـی و هتـد. مـرۆڤ لـه‌ ژینگـه‌ و چـوارده‌وری خۆیـدا ده‌توانێـت جووڵـه‌ی نزیكه‌كانـی خـۆی بناسـێته‌وه‌. لـه‌ كورده‌وارییشـدا، ژنێكـی سـاده‌ له‌پێگـه‌ی دایكـدا باشـترین نیشانه‌ناسـی مناڵه‌كانـی خۆیه‌تـی و جووڵه‌كانیـان درك ده‌كات. ئێسـتا تۆمه‌تبـار و تاوانبـاری سـه‌ره‌كی بریتییـه‌ لـه‌ سیسـته‌مه‌كه‌ كـه‌ مرۆڤـی تووشـی ده‌یـان ڕه‌فتـاری ناكـۆك و ناخـۆش كـردووه‌ و كێشـه‌ی ئینسـان لـه‌ كـۆی سیسـته‌مه‌كه‌دایه‌ نـه‌ك هه‌نـدێ جووڵـه‌ی لـه‌ش كـه‌ به‌شـێوه‌یه‌كی میكانیكـی و پێشـوه‌خت ماناكانیـان دیاریكـراوه‌.

(٢)ئـه‌و یاسـایه‌ی كـه‌ گوایـا ٪٩٣ی ده‌ربڕینه‌كانمـان نا-زاره‌كییـن و له‌ڕێگـه‌ی له‌شـه‌وه‌یه‌ و ٪٧ زاره‌كییـه‌ و هتـد، لای خۆیشـیان ڕه‌خنـه‌ و ڕه‌تكردنـه‌وه‌ی له‌سـه‌ره‌. من ئـه‌م یاسـایه‌م لای (ئه‌لبێـرت میحرابیـان) بینیـوه‌ و خۆیشـی پێـی وایـه‌ جموجوڵه‌كانـی مـرۆڤ لـه‌م كه‌لتـوره‌وه‌ بـۆ ئـه‌و كه‌لتـور ده‌گۆڕێـن. بۆیـه‌ مه‌دلوله‌كانیشـیان هـه‌ر ده‌گۆڕێـن. زمـان زاره‌كـی بێـت یـان نازاره‌كـی ڕه‌هه‌ندێكـی ته‌ئویلـی و هێرمۆنۆتیكییـان هه‌یـه‌.

(٣)ده‌یـان هه‌ڵـه‌ و پارادۆكـس لـه‌ جوڵه‌كانـی له‌شـدا ده‌ستنیشـانكراوه‌ كـه‌ ئـه‌م نیمچه‌زانسـته‌ ناتوانێـت وه‌ڵامیبداتـه‌وه‌. بۆنمونـه‌، تـۆ كه‌سـێكی ڕاسـتگۆیت بـه‌ڵام له‌ترسـی ئـه‌وه‌ی به‌رامبه‌ره‌كـه‌ت بـڕوات پێنـه‌كات تووشـی جوڵه‌یـه‌ك ده‌بیـت كـه‌ لـه‌ جوڵـه‌ی درۆ ده‌چێـت. ئـه‌م نیمچه‌زانسـته‌ دیالەكتیكیـی نیـه‌ و پـتر میكانیكییـه‌. بۆیـه‌ نیشانه‌ناسـییه‌كی سـاده‌ و نادیالەكتیكییـه‌. چونكـه‌ خه‌سـڵه‌ت و سـایكۆلۆژیای مرۆڤـه‌كان جیـاوازه‌. مـرۆڤ ده‌توانێـت نمایش بـكات. ده‌توانێـت واخـۆی ده‌ربخـات كـه‌ واخـۆی ده‌رده‌خـات.

(٤)دیـوە ڕیکلامییەکـەی ئـەم سـەرگەرمییە ئەوەیـە کـە بینینـی یەکـەم لـە بازرگانـی و دیـداری دیکـەدا گرنگـە. دیـارە مـرۆڤ هەرگیـز لـە سـەرەتا و بینینـی یەکەمـدا قابیلـی ناسـین نیـە. ئـەوە جۆرێکـە لـە ئوسـتورە و ئەفسـانە. مـرۆڤ وەك توێکڵـی پیـاز کۆمەڵێـك شەخسـیەتی لەناویەکـی جیاجیـای هەیـە و بەپێـی هەلومـەرج دەیانگۆڕێـت. پاشـان مـرۆڤ کاڵا نیـە تاکـو لـە بینینـی یەکەمـدا بڕیـاری لەسـەربدەیت و کۆنترۆڵـی بکەیـت و ڕوانینێکـی بەسـەردا بسـەپێنیت. هەمیشـەش دیـداری یەکـەم جیایـە لـە دیدارەکانـی دواتـری مـرۆڤ. دیـداری یەکـەم پـڕە لـە نمایـش و ماسـك کـە کەسـەکە خۆیشـی بەئاسـانی بـۆی تەفسـیرناکرێت. هەنـدێ جووڵـە لـە مرۆڤـدا هـەن کـە بـۆ خۆیشـی قابیلـی تەفسـیر نیـن.
(٥)ئـەم نیمچەزانسـتە پەیوەندییەکـی ئۆرگانیـی بـە دەروونشـیکارییەوە نیـە، تەنیـا هێنـدە نەبێـت کـە دەوترێـت مـرۆڤ نائاگایانـە و لـە نەسـتی خۆیـدا هەنـدێ جوڵـەی لـەش دەردەبڕێـت کـە پێچەوانـەی ناوەوەیەتـی. لەڕاسـتیدا نەسـت و ناخودئـاگا مەسـەلەیەکی ئاڵـۆزە و تەنیـا لـە جەسـتەدا کورتنابێتـەوە. ئـەو کاتانەشـی کـە لەسـەر جەسـتە دەردەکەوێـت، ئـەم زانسـتە دەرەقتـی نایـەت. بۆنمونـە: بەپێـی فرۆیـد لەدەمدەرچـوون و لەدەسـتدەرچوون هەیـە کـە لـە هـۆکاری کـۆن و سەیروسـەمەرەوە سـەرچاوە دەگـرن. بۆنمونـە: مـن ئەمـڕۆ گرژییەکـی دەروونییـم هەیـە و لـە دیبەیتێکـدا کاریـی تێکـردووم، کـە ڕەنگـە سـەرچاوەکەی بگەڕێتـەوە بـۆ ڕابردوویەکـی دوور نـەك ئـەم ساتەوەختەی دیبەیتەکـە. دەروونشـیکاری و دەروونناسـییش تاڕادەیـەك جیـاوازن.
٦))لـە دەروونشـیکاریی لاکانـدا، زۆر جووڵـە هـەن مانایـان نیـە، بـەڵام ناشـتوانین لـە ژیانـی شەخسـەکە بیکەینـەدەرێ. کچەکـەی سـتالین باسـی جووڵـەی دەسـتی باوکـی دەکات لـە چرکەکانـی سـەرەمەرگدا کـە گوایـا هەڕەشـەی لـە دکتـۆرەکان کـردووە. بـەڵام ژیـژەك پێـی وایـە ئـەم جووڵەیـە هیـچ مەدلولێکـی دیاریکـراوی نیـە و ژویسانسـی ڕووتـە، واتـە زیادەیەکـی تاریـك و تەفسـیرنەکراوە. مـادام سـتالین پێشـوەختە پیاوێکـی تونـد بـووە، ئیـتر بەپێـی ئـەو توندییـە حوکـم بەسـەر جووڵـەی دەستیشـیدا دەدەن لـە کاتـی مردنـدا. لەنێـوان دەروون/جەسـتە، دال/ مەدلـول، جوڵە/مانـادا پێـچ و پچـڕان هەیـە. جگـە لـەوەی جووڵـە هەیـە خـووە، سـودفەیە.
(٧)لەسـەردەمی سـەرمایەداریی دواییـدا کـە ئێسـتایە، دونیـا بـەرەو بێمانایـی و نیهیلیـزم ڕۆیشـتووە و دەیانەوێـت لـەم نمایشـە نیمچەزانسـتییە گاڵتەجاڕانـەدا بـۆ مانـا بگەڕێـن. لـە کێشـەی لەتیـف سـەلەفی و هتـدا، گرنـگ نیـە کابـرا لـە تەلەفزیۆنـەوە درۆدەکات یـان قەلەقـە، کەیسـەکەی ڕوونـە و پێویسـت بـە فاڵگرتنـەوە نـاکات.

# «با له كاتت نەگرم»

ئـەم ڕستەیەی سـەرەوە بۆتـە یەكێك لـە ژێسـت و نمایشـە كۆمەڵایەتییەكانـی ئەمـڕۆ. زۆرجاریـش وەك هێـمای ڕۆشـنبیری و بەتەنگەوەهاتـن پیشـاندەدرێت. وەك بڵێـی كاتیگۆریـی شـوێن پاشەكشـەی كـردووە و كات بۆتـە تاكـە كاتیگۆریـی ڕاسـتەقینە لـە ژیانـی كۆمەڵایەتیـدا. بۆنمونـە، ئـەو شـوێنانەی كـە ئـەم ڕسـتانەی زۆرتیـا بەكاردەهێنرێـت، شـوێنە مەجـازی و نەگیراوەكانـن. فەیسـبوك و ئەنتەرنێـت و شاشـەكانن. وەك بڵێـی ئـەم شـوێن و فەزایانـە، پـتر لـە كاتـەوە نزیكـن نـەك شـوێن. شـوێن كاڵ و كورتبۆتـەوە بـۆ سـەر ژمارەیـەك جوڵـە و فەرامۆشـی و خۆڵەبیركـردن. گرنـگ نیـە تـۆ لەكوێـوە قسـەدەكەیت، گرنـگ ئەوەیـە خەمـی كاتتـە. ئەمەیـە ڕیاكارییەكـە. نمونەیەكـی زەقـتر: ئەمـڕۆ تـۆ لـە هـەر پێـچ و پەنایەكـدا دەتوانیـت تەلەفزیـۆن و ڕادیۆیـەك لـە ڕووبەرێكـی بچوكـدا دانێیـت، شـوێن زۆر كێشـە نیـە، گرنـگ ئەوەیـە ٢٤ سـەعاتی بـەردەوام پەخـش بكەیـت، گرنـگ ئەوەیـە كات داگیربكەیـت و شـوێن لـە كاتـدا ونبكەیـت.

سیسـتەم هەسـتی وەهـم و گوناهـت تیادەچێنێـت، دەبێـت وا هەسـت بكەیـت هەمیشـە قەرزاریـت و كاتێـك هەیـە دەبێـت بەفیـڕۆی نەدەیـت. گەرنـا لەڕاسـتیدا ڕۆژگارێـك هەبـوو مـرۆڤ سـەرقاڵییەكی ڕەسـەنتری هەبـوو و كاتیـش بەشـی دەكـرد. ئێسـتا شـمەكێكی ئێجـگار زۆر بەرهەمدەهێنرێـت و شـوێن داگیردەكـەن، بـەڵام بەشـێوەیەكی دیالەكتیكییانـە شـوێنیش كاڵدەكەنـەوە و هەسـتدەكەین هەمـوو شـتێك بـووە بـە كات و ململانێـی كات.

«لەكاتـت ناگـرم»، جۆرێكـە لـە فیتیشـیزم و بەفیتیشـبوونی كات، دواییـن نیشـانەی نامۆبوونـە لـەم سیسـتەمەدا كـە شـوێنی مەجازیكردۆتـەوە و بەجۆرێـك ونیكـردووە. هـاوكات لەگـەڵ نزیكبوونـەوە شـوێنەكاندا، لەجیاتیـی ئـەوەی كاتمـان بـۆ بگەڕێتـەوە، كەچـی كاتەكانمـان بەشـناكەن و بڕوامـان بەخۆمـان هێنـاوە كـە بەشـناكات.

# ڕووە ئایدۆلۆژییەکەی «هەست و ئیحساس»:

یەکێك لەو تێگەیشتنە سادانەی بۆ هەستی ئینسان هەیە، ئەوەیە گوایا هەست خاوەنی عەقڵانیەت نیە، گوایا هەست شتێکی خۆڕسك و مەعسومە، گوایا هەست(بەتایبەت هەستی عاشقانە) هەستێکی شەخسی و جڵەونەکراو و بێچارەیە. لەڕاستیدا ئەم تێڕوانینە، دەیەوێت تێڕوانینێکی ئایدۆلۆژی نەبێت و بڵێت من ڕێز لە شتە شەخسییەکانی مرۆڤ دەگرم: بەڵام ئاخۆ دەکرێت هەست هەڵگری ئایدۆلۆژیا و پۆلێنبەندی بێت؟

لەڕاستیدا هەست پرسێکی دابڕاو نیە لە پرسە کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژییەکان. سەردەمەکان و ئایدۆلۆژیاکان خاوەنی پێناسە و ڕوانینی خۆیانن بۆ هەست و لەوێوەیە کە ڕووبەرەکان دابەشدەکەن بۆ عەیبە/ئاسایی، حەڵاڵ/حەرام، قەدەغە/ڕێپێدراو. بەم پێیە هەر ئایدۆلۆژیایەك ناڕاستەوخۆ بەپێی هەستەکانی مرۆڤ، سنوری ئایدۆلۆژیاکەی خۆی دەکێشێت. هیچ هەستێك پاك و بێلایەن نیە. مرۆڤەکان تێکڕا وەکو یەك عاشق دەبن، بەڵام وەکو یەك لە عەشق تێناگەن، وەکو یەك کاریگەری جێناهێڵن. بۆیە مەرج نیە وەکو یەکیش ڕێگەبدەین ڕوانینێکی لاستیکی و خەڵەتێنەرانە بۆ عەشق و هەستەکان دابتاشن. ئەمڕۆ لە سەردەمی توندبوونەوەی سەرمایەدارییدا، بە چەندین فۆرم هەستەکانی مرۆڤ بەکارهێنراوە بۆ بەرەودان بە کاڵا، کەمالیات، ڕیکلامی ئایدۆلۆژی، هەست بە نوقسانی، ژێستی کۆمەڵایەتی، خۆشلکردن بۆ ئیحساسی درۆزنانە و ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی هتد. لەلایەکی تریشەوە، ئەدەبێك هەیە و هەستی خەساندن لە خوێنەرەکانیدا درووستدەکات و مەینەتیی سیستەمیان وەك مەینەتییەکی سەروومێژوویی و میتافیزیکی پیشاندەدات. کەواتە هەستەکان سەرەتاییترین دەرکەوتەی ناو ئینسانن کە بەئایدۆلۆژی دەکرێن.

شوناسی کۆمەڵایەتی و سیاسیی مرۆڤ، پێشوەختە لەگەڵ هەستەکانیدا تێکەڵدەبێت.

عاشـقبوونی مەلایـەك ئاوێتەیـە بـە ئایدۆلۆژیاكـەی، وەكچـۆن عاشـقبوونی كرێكارێـك تێكەڵـە بـە ڕووبـەرە ئایدۆلـۆژی و كۆمەڵایەتییەكـەی. دەبێـت ئـەو قسـە ناتیۆرییـەی هەندێـك ئەدیـب ڕەخنەبكەیـن كـە عەشـق خەسـڵەتێكی هاوبەشـی مرۆڤەكانـە و ملكەچـی هیـچ پێناسـە و سـنورێك نابێـت. لەڕاسـتیدا عەشـق یەكەمیـن بەركەوتنـە كـە ملكەچـی پاشـخانە فیكـری و ئایدۆلۆژییەكـەت دەبێـت. عەشـق دیاردەیەكـی مێژوویـی و ماتریاڵیسـتییە و لەنـاو كات و شـوێندا ڕوودەدات، كات و شـوێنیش دوو كاتیگۆرییـن كـە شوناسـی كۆمەڵایەتـی و ئایدۆلۆژییـمان دیاریدەكـەن.
عاشـقبوونی مەلایـەك لـە سـیاقی سیاسـی و كۆمەڵایەتیـی ئەمـڕۆی كۆمەڵـگای كوردییـدا، بەهیـچ جۆرێـك یەكسـان نیـە بـە عاشـقبوونی گەنجێـك لـە لادێیەكـی پەنجـا ساڵ لەمەوبـەردا. وەكچـۆن هـاوكات بڕوامـان بـەوە هەیـە هەسـتی خۆبەلزانی(یـان خۆبەكەمزانـی) لـە لایەنگرێكـی پارتیـدا شـتێكی ئایدۆلۆژییـە و بێمنەتانـە گەنجێـك لەسـەرجادە دەكوژێـت.

# هەڵدانەوەی نامەکەی «سەردەشت عوسمان»

دەتوانین ئەو نامەیەی سەردەشت و هەر نامەیەکی تریش وەك دەق(تێکست) وەربگرین و بیخوێنینەوە. دەق لە سەرەتاییترین ئاستدا، کۆمەڵێك دال و ڕستە و کۆدی ئاگایانە و نائاگایانەیە کە لەڕێگەی بکەرێکی تاك یان کۆوە دادەڕێژرێت. بەم پێیە، دەق هەر نوسراو ناگرێتەوە، بەڵکو هەر ڕووبەرێکی کۆمەڵایەتیی تریش پێگەی دەقی هەیە: دیاردە، شار، گۆرانی، تابلۆ، وەسیەتنامە، بەیاننامە، لافیتە، هتد.

ناونیشان، هەم نوێنەر و ناونیشانی دەقە و هەم چەواشەکاری دەقیش. لەم نامەیەدا، ناونیشانەکە بەبێ دەقەکە ناتوانێت خۆی ڕوونبکاتەوە. لە ناونیشانەکەدا کە دەڵێت(من عاشقی کچەکەی بارزانیم)، ڕستەیەکی بەڕواڵەت ڕۆمانسی دەبینین. بەڵام هەموو خوێنەرێکی کورد دەزانێت پەیوەندیی بە ڕۆمانسیەتەوە نیە. کە ڕۆمانسی نەبێت چیە؟ زۆرێك لەوانەی نامەکەیان خوێندۆتەوە، دەڵێن ئەمە زمانی تەوس و تەنزە. دیارە ئەمە وەکو فۆرم، بەڵام وەکو ناوەڕۆك ڕستەکە پەیوەندیی بە جیاوازیی چینایەتییەوە هەیە. دیارە هێشتاش پێناچێت تەنز بێت. لە تەنزدا پێکەنین ئامرازە و کارەسات و تاڵی، ئامانجە. بەڵام لەم نامەیەدا پێکەنینێك لەئارادا نیە. هەروەها ئەو بەراوردانەی کە سەردەشت لەنێوان خۆی و بنەماڵەی بارزانیدا لە نوسینەکەدا کردوویەتی، تێکڕا سیماکانی ژیانی چینایەتین. سەردەشت منداڵی چینی خوارەوە و زەحمەتکێشانە و، کچەکەی بارزانییش منداڵی چینی بۆرژوا/دەرەبەگی کورد. چینێك کە وەك هەمیشە کەمینەن و گەرچی شێوازی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی/دەربەگایەتییان لەبەردەستدا نیە، بەڵام نەوت و سامانی سرووشتی و پەیوەندییان لەگەڵ سەرمایەداریی دەرەوەدا کردوونی بە چینی باڵادەست. بۆرژوازی تێکڕا لەمڕۆدا لەوڕووەوە بردوویەتیەوە کە چینی خوارەوە، هەوڵبدەن وەك ئەوان بژین و

بـەو خەونـەوە سـەربنێنەوە. خەونێـك کـە بـۆرژوازی دەزانێـت مەحاڵـە و گەرەنتیـی مانـەوەی خۆیشـی دەکات. نامەکـەی سەردەشـت، لـەم جـۆرە خەونەیـە کـە بـۆرژوازی لـە دونیـادا خەڵکـی چەوسـاوەی ناچارکـردووە خۆیـان وەك کۆپییەکـی وەهمیـی ئـەوان پیشـانبدەن. بەکورتـی، زۆرێـك لـە ڕسـتەکانی نامەکـە، بـەراوردە: بـەراوردی چینایەتی(نـەك بـەراورد و جیاوازیـی نێـوان دوو نـەوەی گەنـج و پیـر). سەردەشـت لەنامەکـەدا، ئامـاژە بـەوەش دەکات کـە هەنـدێ گۆڕانییبێـژی وەك (دەشـنێ) دەتوانـن بەئاسـانی بارزانـی و چـواردەوری ببینـن. ئەمـە بـەر لـە هـەر شـتێك ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی کـە هونـەر و میدیـا چۆتـە خزمەتـی چینـی باڵادەسـتەوە و جارێکـی تـر پێویسـت بـەوە دەکات هونـەر بخرێتـەوە نـاو دابەشـکاریی چینایەتییـەوە.

بەپێـی ئـەم نامەیـە، سەردەشـت بەتەنیـا هیچـکام لەمانـە نیـە: ڕۆژنامەنـوس، نـەوەی گەنـج، خوێندکارێکـی بێدیفـاع. هیچـکام لەمانـە حەقـی مردنەکـەی نـادات و ترازاندنـی خەڵکیشـە لەیەکـتر بـە بیانـووی ناونانـی جیاجیـاوە. سەردەشـت، بـەر لـەوەی کەسـێك بێـت، سـاتێکە، ڕووداوێکـە. «سـات و ڕووداو»، زۆرجـار لـە سـەرووی تاکـە کەسـێکەوەیە. بۆنموونـە، لەشـەڕی داعشـدا زیـاد لـە هـەزار پێشـمەرگە دەکوژرێـن، بـەڵام تـاك و تەرایەکیـان لێدەرچێـت بـە لای حیزبـەوە، کەچـی کەسـیان نابنـە سەردەشـت. سـات و ڕووداو، گەرچـی هـۆکاری خـۆی هەیـە و لـە کارەسـاتی تـر دەچێـت، بـەڵام لەڕاسـتیدا بـەراورد ناکرێـت. دوای تیـرۆری سەردەشـت، لێکچواندنێکـم بینـی لـە وێبسـایتێکدا لەنێـوان سەردەشـت و لـۆرکادا. ئـەم لێکچواندنـە درووسـت و دەقیـق نیـە. چونکـە ڕووداو، تـاك و تاقانەیـە. بـەس لـە خـۆی دەچێـت. گەرچـی جیاوازیـی چینایەتـی و کپکردنـی ئازادیـی ڕەخنـە، لـە هـۆکارە بەرچاوەکانـی کوشـتنەکەن؛ بـەڵام کوشـتنەکە وەك سـاتێکی وجـودی و ئۆنتۆلـۆژی و بگـرە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـش، لـە هیـچ کوشـتنێکی تـر ناچێـت لـە مێـژووی ئێمـەدا. لێرەوەیـە کـە دەتوانیـن ناوەڕۆکـی نامەکـە ببەسـتینەوە بـە تیرۆرەکـەوە. گەرنـا ژۆرناڵیزمـی بێشـەرم و ئەدەبـی بـاو، تیرۆرەکـە لـە ئەکتێکـی تیرۆریسـتیی بـاودا کورتدەکەنەوە(ڕەنگـە پێشـوەخت خەتـای سیاسـەتی بـاوی دونیـا بێـت تیـرۆری کردبێتـە «دالێکـی فـراوان و لاسـتیکی» و هەمـوو تاوانەکانـی پـێ ناوبنێـت: وشـەکە وەهـا لاسـتیکی کراوەتـەوە کـە زۆرجـار دوو لایەنـی ناکـۆك، دژ بەیەکـتری بەکاریدێنـن).

ئـەم زمانـەی کـە نامەکـەی پـێ نـوسراوە، داهێنانـی سەردەشـت نیـە. بونیادەکـەی هـەر ئەوەیـە کـە میدیـای گـۆڕان و کوردستانپۆسـت و لایەنگرانـی قسـەیان پێکـردووە. بـەڵام جیاوازییەکـە ئەوەیـە سەردەشـت دامـەزراوە نیـە، بزووتنـەوە نیـە، سەردەشـت سـاتی تەحەدایـە. تەحەدایـەك

کـە سەردەشـت دەیـکات و گـۆڕان نایـکات. سەردەشـت لـە هەولێـر تیرۆردەکرێـت و گـۆڕان جێـی دێڵێـت. لەنێـوان کوشـتنی سەردەشـت و پاشەکشـەی گۆڕانـدا پەیوەندییـەك هەیـە: ئـەو خاڵـەی کـە سەردەشـت لـە نوسـینێکی تـردا دایدەنێـت، گـۆڕان ناتوانێـت بیخاتـەوە سـەر دێـڕی تـازە. سیاسـەت هەمیشـە پرۆسـەیەکی عەقڵانـی و ورد و چـڕاو نیـە، بەڵکـو پێویسـتی بـە شـێتی و ڕیسـك و چاونوقاندنیشـە. لـە هەنـدێ شـوێندا ڕیسـك ڕۆڵـی عەقڵانیـەت دەگێڕێـت. گـەر ڕیسـك و خۆبەکوشـتدانی ئاسـان بـۆ فەردێکـی وەك سەردەشـت قـورس بێـت، ئـەوا بـۆ بزووتنـەوە و حیزبێـك هێنـدە قـورس وەرناگیرێـت.

سەردەشـت چیـی هەبـوو؟ بەپێـی وەڵامـی بـاو، سەردەشـت تەنیـا قەڵەمێکـی هەبـوو. بەپێـی مارکس/ئەنگڵـس لـە مانیفێسـتی کۆمۆنیسـتدا، ئـەو هیچـی نەبـووە جگـە لـە زنجیرەکانـی دەسـت و پێـی. واتـە گـەر ئـەم سیسـتەمە بـڕوات، ئـەو هیـچ لەدەسـتنادات جگـە لـە زنجیرەکانـی دەسـت و پێـی خـۆی. کەواتـە «شـەهیدی قەڵـەم»، پێناسـەیەکی دەقیـق نیـە. قەڵـەم زیاتـر وەك وەسـیلەیەکی بێـوەی دەردەکەوێـت و دابڕانـی سەردەشتیشـە لـە چینەکـەی خـۆی.

# دیالەکتیکی مەلا لەتیف و هەڵکەوت زاهیر:

١)زاڵترین بۆچوون دەرهەق بەم پرسە شتێکی لەم جۆرە بوو: ئەوە مافێکی شەخسییە و مرۆڤ هەستی هەیە، بەڵام مەلا لەتیف خۆی ئەم مافە و ئەم ئازادییە بۆ خەڵك بەڕەوا نابینێت.
ئەم بۆچوونە لەنیگای یەکەمدا، وەك بۆچوونێکی ئینسانی و کراوە دەردەکەوێت، بەڵام ئاخۆ بەو جۆرەیە؟ پێناچێت. بۆ؟
چونکە گەر مەلا لەتیف ئەم مافەی بە خەڵك بدایە، ئەوا ئەوکات نەدەبووە مەلا لەتیف. بۆیە ئەم بیانووە، بیانوویەکی فۆرماڵ و خەسیو و بێناوەڕۆکە. ئەوەی مەلا لەتیفی کردۆتە مەلایەکی سەلەفی، ئەم جۆرە ناکۆکی و پارادۆکسانەیە. بۆ ئەوەی ئەم پارادۆکسانە بنەبڕ بن و لانیکەم شل ببنەوە، دەبێت بۆ دۆخێکی تر و دونیایەکی تر بگەڕێین.
٢)گریمان مەلا لەتیف ئەم مافە بۆ خۆی و خەڵکیش بەڕەوا دەبینێت، چی ڕوودەدات؟ تەقریبەن ئەوەی ڕوودەدات و جێی دەگرێتەوە، پێگە و سیمایەکی وەك هەڵکەوت زاهیرە. زاهیر، وەك کارەکتەرێکی نادینی، لانیکەم لەڕواڵەتدا ئەو کەسەیە کە ئازادییەکی وا بۆ خۆی و خەڵکیش بەڕەوا دەبینێت. بەڵام گۆڕانی مەلایەك بۆ مۆسیقییەك لەم سیستەمەی ئێستادا شتێکی کافی و دڵخۆشکەرە؟
یەکێك لە نوێکارییەکانی ژیژەك لەدیالەکتیکی هیگڵیدا، ئەوەیە کە نەفیی نەفی شتێکی تەواو دژیەك نیە. نەفیی یەکەم و دووەم شتێك نین بەتەواوەتی لەیەك دابڕابن. بەڵکو نەفیی نەفی، جۆرێکە لە دووبارەبوونەوە، چەشنێکە لە تۆخکردنەوە لە نەفیی یەکەمەوە بۆ دووەم. بەم پێیە، نمونەکە وای لێدێت: هەڵکەوت زاهیر، دووبارەبوونەوەی مەلا لەتیفە. هەڵکەوت زاهیر لەڕواڵەتدا وەك نەفی و سڕینەوەی مەلا لەتیف دەردەکەوێت، بەڵام لە پرۆسە دیالەکتیکییەکەدا دوو قۆناغ و دوو ڕیزبەندیی یەك پرۆسەن. سەرەتاییترین ئەرگۆمێنتیش ئەوەیە کە: هەر ئەم جەماوەرە، چەندقاتی مەلا لەتیف زیاتر، چیرۆکیان لەسەر هەڵکەوت زاهیر درووستکردبوو.
کەواتە گەر درۆ لەگەڵ خۆمان نەکەین، ئەوا لە نەستی دەستەجەمعییماندا دونیایەکمان دەوێت لەودیوی ئەم کارەکتەرانەوە...

# بەسیاسیکردنەوەی عەشق...

عەشـق زۆرجـار لـە پنتێکـی پەراوێـزی و سـودفەیەکی سـەیرەوە درووسـتدەبێت. واتـە مـەرج نیـە دوو کـەس لەسـەر ڕاسـتەهێڵێك بچنـە مامەڵـەوە و هەوڵبـدەن یەکـتری کامـڵ بکـەن و باقیـی شـتەکانی تـر ببنـە پەراوێـز. هێڵێکـی چەمـاوە هەیـە و دووکـەس دەگەیەنێتـە یەکـتر. ڕەنگـە هـەر لەبـەر ئەمـەش بێـت کـە دواتـر یەکێکیـان دەڵێـت: (چ سـودفەیەکی سـەیر بـوو)، (چ قەدەرێکـی بێمانـا بـوو بەیەکـی ناسـاندین)، (بـڕوام نەدەکـرد شـتی وا ڕووبـدات). لەڕاسـتیدا نـە سـەیرە و نـە بێمانـاش. چونکـە سـودفەکان دواتـر شـێوەی زەرووڕەت وەردەگـرن. هـاوکات عەشـقی سـەنتراڵ و ڕووبـەڕوو و بەرنامەڕێژکـراو، ئەگـەری شکسـت و بێزرانـی زۆرە: پێدەچێـت لـە نزیکبوونـەوەی تەواوەتـی و ڕوولەیەکـدا، هەرلایەکیـان وەك بۆقـی نـاو ڕیکلامەکـەی لـێ بێـت.

کەواتـە پێویسـتە جۆرێـك لـە ناڕاسـتەوخۆیی و چەمانـەوە و پشـتتێکردن لـە عەشـقدا هەبێـت. بـە دەربڕینێکـی تـر، شـتێك لـە دەرەوەی عەشـقەوە پێویسـتە بـۆ ئـەوەی عەشـق بـەردەوام بێـت. توخمێکـی ناڕۆمانسـی پێویسـتە بـۆ ئـەوەی عەشـق لـە عەشـقبوون نەکەوێـت. ئایـا دەکرێـت ئـەو توخمـە سیاسـەت و شـۆڕش بێـت؟

ئـالان بادیـۆ نامیلکەیەکـی هەیـە بەنـاوی: لـە ستایشـی عەشـقدا. ئـەم نامیلکەیـە دەرهـەق بـەو عەشـقە بێڕیسـك و زەواجـە بەرنامەبۆداڕێـژراوە نـوسراوە کـە کۆمەڵێـك دەزگا و سـایتی غەربـی بانگەشـەی بـۆ دەکـەن: وەرن عەشـقی بێئـازار و زەواجـی گەرەنتیکـراو ئەزموونبکـەن. دیـارە ئـەم تێـزە بـۆ دونیـای ئێمـە زۆر واقیعـی نیـە، چونکـە مەترسـی و ئـازار لـە عەشـق و زەواجـی ئێمـەدا زۆرە و عەشـق زیاتـر ڕوویەکـی ئاسـمانی و نامێژوویـی وەرگرتووە.لێـرەدا عەشـق پێویسـتی بـە نەبوونـی زەمانـەت و مەترسـییەکە بـۆ ئـەوەی ببێتـە عەشـق. نوسـەرێکی غەربییـش کـە ناوەکەیـم بیرنیـە، پێیوایـە پێویسـتە ئەمـڕۆ کـچ و کـوڕی غەربـی نیـگای عاشـقانەی خۆیـان

لەچـاوی یەکـتردا خاڵـی نەکەنـەوە. واتـە ئـەو کاتـەی کـە سـەیری ناوچـاوی یەکـتری دەکـەن، دەبێـت خەیاڵیـان لای شـتێکی دیکـە بێـت، لای ئامانجـی سـێیەم، کـە ئامانجێکـی سیاسـییە(چونکە فـەزای غەربـی، بۆتـە فەزایەکـی ناسیاسـیی بەڕواڵـەت ڕۆمانسـی).

ڕەنگـە بزاڤـی سیاسـی و شۆڕشـی سیاسـی، ناوبژیـوان و نێوانگرێکـی بـاش بێـت بـۆ ئـەوەی عەشـق ببێـت بـە عەشـق و تووشـی وەڕزی و گەوجایەتـی نەیـەت. خەباتـی هاوشـانی ژن و پیـاو لـە بزاڤێکـدا دەتوانێـت هـەم عەشـق بێـت بـۆ یەکـتری و هـەم وەگەڕخسـتنی ئامانجێکـی سیاسـی و ئینسـانییش بێـت.

# کام ٦٨؟

بەحوکمی ئەوەی دەموچاوی پێشەوەی شۆڕشی ٦٨ی فەڕەنسا گەنجان و خوێندکاران بوو، ئیتر هەندێ جار ئەو بەدحاڵیبوونە درووستدەکات کە ٦٨ بزاڤێکی کەلتوریی ڕووت بووە و هیچی تر. گەر وا نیە چیی ترە؟
وەك باوە و باسدەکرێت، شۆڕشی ٦٨٨ لەژێر سایەی (سێ میمەکە)دا درووستدەبێت: مارکس، ماوتسی تۆنگ، مارکۆزە. یەکەمیان پێشەنگی مارکسیزمی ستاندارده و دووەمیان ڕێبەری شۆڕشی کەلتوریی چینە و ئەمەی سێیەمیشیان سیمایەکی دیاری چەپی نوێیە. ئەم سێکوچکەیە، بەر لە هەر شتێك سێ کارەکتەری سیاسیین. گەر گۆڕانێکیشیان لە کەلتور و دۆخی کۆمەڵایەتیدا کردبێت ئەوا لەڕێگای سیاسەتەوە بووە. شتەکە نهێنییەکی گەورەی تیانیە و تێکڕا بیری مارکسیزم لەسەر ئەو تێزە بەندە کە: فەلسەفە لەبنەڕەتدا پرسێکی سیاسییە. هەر فەلسەفە؟ نەخێر، بەڵکو کۆی ژیانی کەلتوری و کۆمەڵایەتی پرسێکی سیاسییە و لەوێوە گۆڕان بەسەر کەلتور و عەقڵیەتی خەڵکدا دەهێنرێت.
گەر لە دونیای ئێمەدا بەدحاڵیبوونێك دەرهەق بە ٦٨٨ هەبێت و وەك بۆنەیەکی کەلتوری و نمایشی لێی تێگەیشتبین، ئەوا شتێکی سەیر نیە. لانیکەم دوو هۆی لەپشتەوەیە: یەکەم، چەند دەیەیەکە لە ئاستی دونیادا سیاسەت بۆ کەلتور کورتکراوەتەوە و زۆرینەی بزاڤ و بۆنە سیاسییەکان وەك بۆنەی کەلتوری تەفسیردەکرێن. ئەم پاڵەپەستۆ جیهانییە بەشێکی هاتۆتە دونیای ئێمەشەوە. دووەم، لە زەینی زۆرینەماندا ئازادییە شەخسییەکان لە کەلتورەوە بەدەستدەهێنرێن و سیاسەت شوێنی بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانمانە.
دواجار گەرچی درووشمەکانی ٦٨٨ی فەڕەنسا وەك درووشمی گەنجانە و کەلتوری دەردەکەوتن و داکۆکی بوون لە مافی ژن و پۆشینی جل و مۆدێلی قژ و سێکس و هتد، کەچی لەناواخندا درووشمی سیاسی و ستراتیژی بوون: وەستانەوە دژی سەرمایەداری، دژی

ئیمپریالیـزم و داگیـرکاری، دژی ڕەگەزپەرسـتی شـۆڤێنیەت، دژی جەنـگ و چەکـی ئەتۆمـی و کیمیایـی، تەنانـەت هەندێکیـان ڕاسـتەوخۆ ڕوویانکـردە کۆمۆنیـزم و هەندێکیشـیان چوونـە شـاخ بـۆ شـەڕی پارتیزانـی.

بـۆ ئـەوەی ڕێـز لـە پەیامەکانـی ٦٨٨ بگریـن، پێویسـتە لـە ڕەخنەکردنـی ئـەو ئێسـتایە و ئـەو ڕابردووەشـەوە دەسـت پێبکەیـن کـە لـە هەمـوو کایەکانـدا هـەن، نـەك بچینـەوە ئامێـزی کارەکتەرەکانـی ئـەو واقیعـە باڵادەسـتەی کـە هەیـە و بـۆ داهاتوویەکـی نادیاریـش بەتەمایـە خـۆی درێژبکاتـەوە: کارەکتـەرەکان تەنیـا سیاسـی و مـەلا و عـارف و مامۆسـتاکان نیـن، بەڵکـو زۆرینـەی ئەدیـب و ڕۆشنبیرەکانیشـن.

لـە ٦٨٨ــەوە تێدەگەیـن کـە زانکـۆ بـەر لـەوەی ناوەندێکـی کەلتـوری بێـت، وزەیەکـی سیاسـیی شـاراوەیە.

# دژ بە کۆمەڵگای کراوە...

١)ڕۆشـنبیرانی دوای ڕاپەڕیـن، خوێندنـەوە و دابەشـکارییەکی نازانسـتی و کێشـەداریان بـۆ حیـزب کـرد. هەوڵیانـدا خەڵـك بـۆ حیزبی/ناحیزبـی دابەشـبکەن. لەکاتێکـدا دەبـوو خەڵـك بەپێـی کرێکار/سـەرمایەدار دابەشـبکرێت. هـەزاران کـەس لەنـاو حیزبـدا بەناچـاری چاییچـی و پاسـەوانی سـادە و مۆنتێـر و کرێـکارن. ئەوانـە کاری کرێگرتـە ئەنجامـدەدەن و جەسـتە و زەینـی خۆیـان بەرامبـەر بـە کرێیـەك دەفرۆشـن. بۆیـە دابەشـکردنی خەڵـك بـۆ حیزبی/ناحیزبـی، بـەر لـە هـەر شـتێك سـوکایەتییە بـەم کرێکارانـە.

٢)ئـەو کۆمەڵـگا کـراوە و (ناحیزبی)ـەی ئـەوان داوای دەکـەن، هـەر ئـەو کۆمەڵگایەیـە کـە «کارل پۆپـەر» داکۆکیـی لێکـردووە. ئـەو کۆمەڵـگا کراوەیـەش شـتێکی غەریـب و دوورەدەسـت نیـە، بەڵکـو هـەر ئـەو کۆمەڵگایانەیـە کـە ئەلێکـس کالینیکـۆس ناویدەنێـت: کۆمەڵـگا سـەرمایەدارە مۆدێرنـە لیبراڵـەکان. واتـە ئـەو کۆمەڵـگا نوێیانـەی کـە بـە کۆمەکـی ئایدۆلۆژیـای لیبراڵیـزم، سیسـتەمی سـەرمایەدارییان لـە خۆیانـدا ناواخنکردۆتـەوە. بـە مانایەکـی تـر، ئـەم ڕۆشـنبیرانە ناڕاسـتەوخۆ بەرگـری لـە کۆمەڵگایەکـی سـەرمایەداریی لیبراڵـی دەکـەن.

٣)یەکێـك لـەو میتافۆرانـەی کـە ئەو ڕۆشـنبیرانە بـۆ پارتی/یەکێتـی و بگـرە یەکگرتـووش بەکاریانهێنا، حیزبـی بەلشـەفیکە. لەکاتێکـدا حیزبـی بەلشـەفیکی لینینـی، حیزبێکـی کۆمۆنیسـتی بـوو و هیـچ لێکچوونێکـی ڕیشـەیی لەگـەڵ پارتـی و یەکێتیـدا نیـە کـە پتر لـە کۆمپانیـاوە نزیکـن تـا حیـزب. حیـزب ئۆرگانێکـی پەروەردەیـی و سیاسـی و ئامانجـدارە و جنێـو نیـە.

# «ڕەخنە لە عەقڵی ژۆرناڵیستی»

عەقڵـی ژۆرناڵیسـتی(ڕۆژنامەوانی)، عەقڵێکـە لەسـەر هـۆکاری خێـرا و ڕۆژانەیـی دەگیرسـێتەوە. عەقڵێکـە نرخـی گـەورە لەسـەر فاکـت و ڕاسـتییە تێپـەڕەکان دادەنێـت و وەك یەکەمیـن و دوایین ڕاسـتی مامەڵـەی لەگـەڵ دەکات. ئـەم عەقڵـە لـە واقیعـی ئێمـەدا، هاوڵاتـی و ئاوێنـە و لڤیـن و دواتریـش knn گەشـەی پێـدا. ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت کـە عەقڵـی ژۆرناڵیسـتی و ڕۆژنامەوانـی بەسـەر هێـزی تیـۆر و تەئویـلدا زاڵبـووە.

لـە عەقڵی ژۆرناڵیسـتیدا، گەر ڕووداوێك پێنـج جـار ڕووبـدات، ئـەوا دەشـێت هـەر پێنج جارەکـە هۆیەکـی جیـاوازی لەپشـتەوە بێـت. بـەڵام لـە خوێندنـەوەی تیۆرییـدا، دەکرێـت هـەر پێنـج جارەکـە دووبارەبوونـەوەی بونیادێـك و گەمەیـەك بێـت بـە دەمامکـی جیاجیـاوە. عەقڵـی ژۆرناڵیسـتی، زەمینـەی ڕووداوەکان و سیسـتەمەکە و کـۆی فەزاکـە وەك خـۆی دەهێڵێتـەوە، ئـەوەی گۆڕانـی بەسـەردا دێـت ژمـارەی ڕووداوەکان و چۆنیەتیـی ڕوودانـی و بکەرەکانێتـی. بۆنمونـە کاتێـك لـە چاڤیلانـد شـتێك دەقەومێـت، پێـی وایـە یەکەمیـن و دواییـن هـۆکار نەیارەکانـی شاسـوار عەبدولواحیـدە و تەواو(سـەیر لەوەدایـە شاسـوار بەدەمـی خـۆی ئەمـە دەڵێـت و عەقڵـە ژۆرناڵیسـتییەکەش وەك کەشـفێکی گـەورە پێـمان دەفرۆشـێتەوە).

عەقڵـی ژۆرناڵیسـتیی بەدیـار مناڵێکـی خنکاوەوە هـۆن هـۆن دەگـری، چونکـە بیـری چـووە لـەو سـاتەدا هـەزاران مناڵـی تـر بەهـۆی سـەرەتان و برسـێتییەوە مـردوون. عەقڵـی ژۆرناڵیسـتی وەك یارییـە کۆمپیوتەرییـەکان ڕووداو دروسـتدەکات و هـەر خۆیشـی دەیمرێنێـت. عەقڵـی ژۆرناڵیسـتی تـا ئـەو شـوێنە یـاری بـە زەینـی مرۆڤـەکان دەکات کـە بەخـۆی دەڵێـت: بێلایەنـم. چونکـە پێـی وایـە ئـەم بەشـێك نیـە لـە ململانـێ زەق و زۆپـەکان و خەڵکیـش بـڕوای پێدەکـەن. عەقڵـی ژۆرناڵیسـتی، کـۆی وێنـەکان و ڕووداوەکان پێکـەوە ناخوێنێتـەوە، بەڵکـو لێکیـان دادەبڕێـت: ئەمەش

شــەرعیەتدانە بــەو دونیایــەی کــە هەیــە و مــرۆڤ لــە زۆرئاســتدا دەچەوســێنێتەوە. عەقڵــی ژۆرنالیســتی کاتێــك باســی ئەودیــوی ڕووداوەکان دەکات، مەبەســتی لــە نەســت و ناخودئــاگای کۆمەڵایەتــی نیــە، بەڵکــو مەبەســتی ئەوەیــە شــتێك هەیــە و میدیایــەك بیــری چــووە لەجیاتیــی میدیایەکــی تــر باســی بکات.عەقڵــی ژۆرناڵیســتی دەتوانێــت بــە چەنــد ڕیپۆرتاژێــك، مێژوویەکــی هــەرە دەوڵەمەنــدی وەك کۆمۆنیــزم بــە ســەدان بیریــار و سیاســییەوە بشــێوێنێت و بینەرەکانیشــی بێــن وەك خوێنەرێکــی چــل ســاڵە لێــرە و لــەوێ بیلێنــەوە.

عەقڵــی ژۆرناڵیســتی نازانێــت چ بەدبەختییــەك لــەو هــۆکارە ســادانەدا نوســتووە کــە لــە ڕووداوەکانــدا هــەن و هەمیشــە خــۆی بــە «تیــۆری پلانگێــڕی»دا هەڵدەواســێت کــە تیۆرێکــی ژۆرناڵیســتییە.

# ڕۆبۆتەکان، مەنغۆلییەکان...

زۆرێـك لـە ڕۆژنامە(بۆرژواییـەکان) لاپەڕەیەکیـان هەیـە بەنـاوی لاپـەڕەی «هەمەڕەنـگ» و «هەواڵـی سـەیر و سـەمەرە»وە. لـەم لاپەڕانـەدا کۆمەڵێـك هـەواڵ بڵاودەکرێنـەوە کـە بـە نیەتـی خۆیـان بـۆ سـەرگەرمی و پشـووە. بـەڵام بەشـێکی ئـەم لاپەڕەیـە خـۆی بەشـێکە لـە نەخۆشـییەکانی سیسـتەمەکە، سـەمپتۆم و نیشـانەی نەخۆشـیی ئـەم سیسـتەمە باڵادەسـتەی ئێسـتان. پێـش ماوەیـەك ئـەم دوو هەواڵـەم بینـی:
دوو ڕۆبـۆت لـە یابـان زەواج دەکـەن و پێکـەوە مارکێتێـك دەبەنەڕێـوە. لـە تورکیـاش باوکـی مەنغۆلییـەك کـە سـەرمایەدارە، لـە خۆشەویسـتیی مناڵەکەیـدا، مارکێتێـك بـۆ بەشـێك لـە مەنغۆلییەکانـی ئەسـتەمبوڵ دەکاتـەوە و هەموویـان دەخاتـە کارەوە.
ئەمـڕۆ قازانجـی زیاتـر و زیاتـر، نـەك هـەر مرۆڤـەکان بەگشـتی و مەنغۆلییـەکان بەتایبەتـی دەکاتـە ماشـێن، بەڵکـو ماشـێنە ئاساییەکان و ڕۆبۆتیـش دەخاتـە سـەرکار. لـەوەش خراپـتر، کـە ماشـێنەکان دەخرێنـە کارەوە، ئیـتر بەشـێك لـە مرۆڤـەکان بێکاردەبـن. بۆیـە ڕەنگـە چیـتر ئـەو میتافـۆرە کـورت بێنێـت کـە «کار مـرۆڤ دەکاتـە ماشـێن». دوور نیـە ئـەو تەماعـە لـە مرۆڤەکانـدا بچێنرێـن کـە خۆزگـە بخـوازن ببنـە ماشـێن. ماشـێنەکان وا دەردەکـەون، ئەوپـەڕی دەسـتی کار بـن.

# پەنجەرەکان بە کام ئاراستەدا دەکرێنەوە؟

٢٤ساڵ بـەر لـە ئێسـتا و لـە مانگـی ئـازاری ١٩٩٢ لـە «لـۆس ئەنجلس»ــی ئەمریـکا ڕووداوێـك بووەهـۆی ئـەوەی خەڵـك بڕژێنـە سـەر جـادە. ئـەم ڕووداوانـە لـە زاری دەسـەڵاتەوە هەمیشـە بـە «پشـێوی» ناودەبرێـن، چونکـە دەسـەڵات پێـی وایـە نەزمێـك هەیـە و نابێـت تێکچێـت. ڕۆدنـی کینـگ، ڕەشپێسـتێکی ئەفریقی/ئەمریکییـە و لەجێیەکـدا لەلایـەن چـوار پۆلیسـی سپیپێسـتەوە دەدرێتـە بـەر کوتـەك و تێهەڵـدان و تـا ئاسـتی سـەرەمەرگ لێـی دەدرێت(گوایـا هۆکارەکـەی سەرخۆشـی و خێرایـی لێخوڕێـن بـووە). دەوترێـت کەسـێکیش لـە پەنجەرەکـەی خۆیـەوە وێنـەی ئـەم حاڵەتـە دەگرێـت و لەفـەزای مەجـازی و میدیاکانـەوە بڵاویدەکاتـەوە. دواتـر دادگا لـە پۆلیسـەکان خۆشـدەبێت و بـەم هۆیـەوە خەڵـك تووڕەدەبـن و دەڕژێنـە نـاو شـار. ڕووداوەکان شـەش ڕۆژ دەخایەنێـت و نزیکـەی ٥٠ کـەس دەکوژرێـن و ٢٠٠٠کەسـیش برینـدار دەبـن و ملیارێـك دۆلار زیـان بـەر بینـا و خانـووەکان دەکەوێـت.

گـەر لـە پەنجەرەیەکـەوە وێنەکـە گیرابێـت، ئایـا ئـەو پەنجەرەیـە لەنـاو واقیـع خۆیـدا جێگیـر نەکـراوە؟ ئایـا هەمـوو واقیعێـك پەنجەرەیەکـی تیایـە و ڕووداوەکان ئاشـکرادەکات و نهێنییـەکان هەڵدەداتـەوە؟ ئەمانـە پرسـیارە سـەرەکییەکە نیـن، ئـەوەی سـەرەکییە ئەمەیـە: ئایـا فـەزای مەجـازی و ڤیدیـۆ هێشـتا دابـڕاو نیـن لـە واقیـع؟ لـەو ڕووداوەی سـەرەوەدا، واقیـع هێشـتا پەیوەندییەکـی لۆژیکـی و ڕاسـتەوانەی بەخۆیـەوە مـاوە. ئایـا پـاش دوو دەیـە زیاتـر، واقیـع ئـەم پەیوەندییـەی بـە خۆیـەوە مـاوە؟ یاخـود بەپێچەوانـەوە بـۆ ئـەوەی شـتێك لـە واقیعـدا ڕووبـدات، پێویسـتە بڕواتـەوە سـەر شاشـەکان و ئیعتیرافـی فـەزای مەجـازی وەرگرێـت؟ زۆرجـار بـۆ ئـەوەی بـاوەڕ بـە ڕووداوێـك بێنیـن، دەبێـت میدیـا و فـەزای مەجـازی پشتڕاسـتی بکاتـەوە و دانـی پیابنێت(نـەك لەبـەر ئـەوەی فاکـت و بەڵگـەی پێویسـتە، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی واقیـع بۆتـە پاشـکۆی فـەزای مەجـازی و شاشـە).

ڕۆژانـە هـەزاران هـەزار کۆمپیوتـەر و تەلەفزیـۆن دەفرۆشرێـن و دەچنـە ماڵـەکان و شـوێنە جیاجیاکانـەوە و، فـەزای مەجـازی بەرجەسـتە و ماتریاڵیـزە دەکەنـەوە و ژمـارەی پەنجـەرەکان بەسـەر واقیعـدا زیـاد دەبێـت: هـەر بەڕاسـت ژمـارەی پەنجـەرەکان بەسـەر واقیعـدا زیـاد دەبێـت؟

# دۆستۆیفسکی لەژێر پێی ژنە چینییەکاندا:



نزیکـەی هــەزار ســاڵێك و تــا ســەرەتاکانی ســەدەی بیســت، ژنانــی چیــن بەپێــی نەریتــی کۆنــی چینــی، هــەر لــە منداڵییــەوە پەنجەکانــی پێیــان دەبەســترایەوە. ئێســتاتیکا و جوانیناســیی ئـەو ڕۆژگارە وای دەخواســت کــە پیاوانــی چینــی حەزیـان لـە پێـی بچـوك بێـت و ژنان تووشـی ئـەم ئێـش و چەوساندنەوەیە بکـەن. کاتێـك ژنـان گـەورە دەبـوون، نەیاندەتوانــی بەئاســایی و ئاســانی بەڕێــدا بــڕۆن. کاتێــك حیزبــی کۆمۆنیســتی چیــن لەســاڵی ١٩٤٩ دەســەڵاتی گرتەدەســت، ســزای مردنـی بـۆ ئەوانـە بڕییـەوە کـە لەسـەر ئـەم نەریتـە بـەردەوام بـوون، و بەیەکجـاری ژنانـی ڕزگارکـرد.

«جوانــی» چەمکێکــی پلاســتیکییە و هەمــوو لایــەك دەتوانــن بــۆ بەرژەوەندیــی خۆیــان کێشــی بهێننــەوە. جوانــی و هونــەر و کتێــب و عەشــق و چاکــە و متمانــە و نوســین و ناتوندوتیــژی وهتــد لــەو چەمکانــەن کــە بەڕواڵــەت دەچنــە ژێــر خانــەی جوانییــەوە. بــەڵام هەریەکــە لەوانــە بەجەوهــەری خۆیــان جــوان نیــن و لــە ســیاق و کۆنتێکســتی جیاجیــادا ڕۆڵــی جوان/ناشــیرین دەگێــڕن. ئــەوە ماتریاڵیزمــی مێژووییــە پێمــان دەڵێــت هەلومەرجــی مــادی و کۆمەڵایەتــی پێــوەری دیاریکردنــی شــتەکانە. ڕۆژگارێــك ملوانکــە و خشــڵ و بازنــگ هێــمای کەلەپچــە و کۆیلایەتــی بــووە، بــەڵام دواتــر لــە فۆرمــی زێــڕ و ئاڵتوونــدا دەبنــە هێــمای جوانــی و دەچنــە دەســت و ملــی

ژنانــەوە. جوانــی چەمکێکــی گشــتی و بەتاڵــە و شــتێکی ئەوتۆمــان لەســەر واقیعــی کۆنکرێتــی و بەردەســتی ئێســتا پێناڵێــت. لەناواخنیشــدا، جوانــی ئاماژەیــە بــۆ ڕاکــردن لــە واقیــع. چونکــە هەڵگرانــی ئــەم چەمکــە پێیانوایــە واقیــع ناشــیرینە و خۆشــاردنەوە لــە ئایدیاڵیزمــی وشــە و مــۆدە و ئــەدەب و عیرفانــدا مــرۆڤ ڕزگاردەکات.

بــۆ ئــەوەی چەمکــی جوانــی، بەجۆرێــك لــە جــۆرەکان، کۆنکرێتــی و مێژوویــی بکرێتــەوە و ببەســترێتەوە بــە ژیانــی ئینســانەوە، ئــەوا پێویســتە چەمکەکــە سیاســی بکرێتــەوە. دۆستۆیفســکی، ڕســتەیەکی نــاوداری هەیــە و زۆرێــك لــە ئەدیبــەکان حەزیــان لێیــە وەك «پەیــام وحەقیقەتــی ئــەدەب» بیڵێنــەوە. دۆستۆیقســکی دەڵێــت «ئــەوەی دونیــا ڕزگاردەکات جوانییــە». وەســتان و دوودڵیــی ناوێــت بــۆ ئــەوەی دەســتکاریی ڕســتەکە بکەیــن: ئــەوەی دونیــا ڕزگاردەکات سیاســەتە، لانیکــەم سیاســەتی ڕزگاری(politics of emancipation).

# پەیوەندیی خوێن و هۆشیاری...



هۆشیاری له زەینی زۆرینەماندا، سەر و سیمایەکی هێمنی هەیە. زیاتر نوسین و خوێندنەوە و کتێبمان بیردەخاتەوە، نەك هیچ کردەوەیەکی توندوتیژی تر. بەکورتی، دوالیزمێك لەنێوان هۆشیاری و توندوتیژیدا درووستبووە. هۆشیاری لەلایەك و توندوتیژییش لەلایەکی تر. ئایا دەکرێت ئەم دوالیزمە تێکشکێت و هۆشیاری پرۆسەیەکی توندوتیژانە بێت؟

١)لە ئاستی ڕستە و گوزارەکاندا، هۆشیاریی ڕاستەقینە هێندەش نەرم نیە. بۆنمونە دەوترێت «فلان ئایدیا هەژاندمی»، «فلان نوسەر بێداریکردمەوە«، «فلان کەس و فیسار بیرۆکە زیندووی کردمەوە«. هەژان و بێداربوونەوە و زیندووکردنەوە بەهۆی زەربە و زیانێکەوە درووستدەبێت و عادەتەن لەدوای مراندنی شتێکی ترەوە بەدەستدێت.

٢)گەر هۆشیاری وەك مورادیفی حەقیقەت وەربگرین، ئەوا حەقیقەت لە دیدی لینینەوە سرووشتێکی شۆڕشگێڕانەی هەیە. واتە حەقیقەت ڕەتکردنەوە و هەڵتەکاندنی ئەو دۆخەیە کە هەیە(بەپێچەوانەی حەقیقەتی عیرفانی و پۆستمۆدێرنەوە کە نەرم و پارچەپارچەیە: عاریفەکان باوەشی بۆ دەکەنەوە، و سوبێکتی پۆستمۆدێرنیش پاشەڵی تێدەکات).

٣)بەو پێیەی کە کۆمەڵگا هەمووی وەکو یەك و لە یەك ئاستدا هۆشیار و بێدارنابێتەوە،

ئـەوا هۆشـیاری شـەرعیەتێکی توندوتیـژ وەردەگرێـت. کۆمەڵـگا زنجیرەیـەك بەدحاڵیبوونـە و مرۆڤـەکان ناتوانـن لـە مەغـزا و مەدلـول و تەماعەکانـی یەکـتر تێبگـەن. هابەرمـاس کۆمەڵـگا بـەو ئاراسـتەیەدا تەفسـیردەکات کـە دیالـۆگ چارەسـەرە، بـەڵام ژاك ڕانسـێر بـەو ئاراسـتەیەی تـردا کـە کۆمەڵـگا دیالـۆگ و دانوسـتان نیـە بەڵکـو هـاوار و قیڕەقیـڕە و ئـەوەی دەنگـی بەرزتـر بێـت وەك بـراوە دەردەکەوێـت.

٤)هۆشـیاریی ڕاسـتەقینە، زیاتـر چۆنیەتییـە نـەك چەندێتـی. واتـە دونیایـەك یـان بیرۆکەیـەك جێدێڵێـت و دونیایەکـی تـر و بیرۆکەیەکـی تـر دەخەیتـە جێـی. باجـی ئـەم گۆڕانـەش زۆرە و مەترسـیدارە. ئەمـڕۆ لـەڕووی چەندێتـی و بـڕەوە خەڵـك هەڵگـری ڕێژەیـەك لـە هۆشـیارییە، بـەڵام لـەڕووی چۆنیەتییـەوە خاوەنـی ئـەو هۆشـیارییەیە کـە سیسـتەم فـەرزی کـردووە.

٥)هەمـوو توندوتیژییـەك نابێتـە هۆشـیاری، بـەڵام هەمـوو هۆشـیارییەکی ڕاسـتەقینە و ڕادیـکاڵ پێویسـتی بـە بڕێـك لـە توندوتیژییـە. زۆرینـەی ئـەم توندوتیژییانـەی ئەمـڕۆ ڕاسـتەقینە نیـن و بەرەنجامـی سـەرمایەداری/کەپیتاڵیزمن و بەشێکیشـی لەئاسـتی کۆمەڵایەتیـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ بێـزاری لـە کارکـردن، خۆنمایشـکردن، ڕزگاربـوون لـە نامۆیـی، توندوتیژیـی زمانـی، نەمانـی مـەودا و سـڕانەوەی سـنورەکان، کاریگەریـی سـینەما و هتـد.

٦)گرووپـی «بـادر ماینهـۆف» گرووپێکـی گەنجانـەی تونـد بـوون لـە سـاڵانی ١٩٧٠ بـۆ ١٩٩٨. زنجیرەیـەك کوشـتن و ڕفاندنیـان ئەنجامـدا و پەلامـاری کۆمەڵێـك بانـك و خـاوەن بانکیـان دا. ئـەم گرووپـە کـە لـە ئەڵمانیـاوە سـەریهەڵدا، وەك کۆمەڵێـك «گەریـلای شارنشـین» و کۆمۆنیسـتی و دژەئیمپریالیسـتی خۆیـان دەناسـاند. نزیکـەی ٣٤ کەسـیان کوشـتبوو لەگـەڵ ژمارەیـەك تەقینـەوەدا. نزیکـەی ٢٧کەسـیان بەهـۆی خۆکوشـتن و مانگرتـن و دەسـگیریی پۆلیسـەوە تیادەچێـت. ژیـژەك لـە کتێبـی «بەخێربێـن بـۆ بیانـی ڕیـاڵ»دا هەڵسـوکەوتی ئـەم گرووپـە وەك تاسـە بـۆ ڕیـاڵ و شـتی توندوتیـژ وەسـفدەکات، چونکـە ئـەم گرووپـە پێـی وابـووە ناکرێـت لەڕێگـەی هۆشـیارییە پەروەردەیـی و فیکرییەکانـەوە و بـە خاووخلیچکـی خەڵـك هۆشـیاربکەیتەوە، بەڵکـو دەبێـت زەربـە و زەبـر لـە کۆمەڵـگادا بوەشـێنێت و خەڵـك ئاوڕبدەنـەوە و لـەو دونیـا مەسرەفگەرایـی و بەرخۆرییـە دەرچـن کـە نوقـم و نغـرۆی بوونـە.

# ئەدیبەکان و تەنکەرە نەوتەکان:

ســاڵانێکە نــەوت دەدزرێــت و یەکێــك لــەو ئەدیبانــە نەیانزانــی ئەرکــی ئەوانیشــە قســەی لەســەر بکــەن و هەڵوێســتی پراکتیکــی بنوێنــن. ئــەوەی ئەمــڕۆ لــە دەربەندیخــان دژی تەنکــەرە نەوتــەکان دەکرێــت، دەبــوو ســاڵەها پێشــتر هەموومــان پێکــەوە ئمانکردایــە.

گەرچــی ئەدەبــی ڕادیــکاڵ جێــی ڕێــز و خوێندنەوەیــە، بــەڵام ئــەدەب لەمــڕۆدا تێکــڕا چۆتــە خزمەتــی سیســتەمەوە. بۆنمونــە، خەونــی زۆرێــك لــە ئەدیبــەکان بۆتــە ئــەوەی بناسرێــن و ئیشــەکانیان وەربگێڕدرێــت و لــە فیســتیڤاڵە جیهانییەکانــدا داوەت بکرێــن. خــەم بــۆ ئــەوە دەخــۆن چــۆن پێشــوازی لــە بەرهەمەکانیــان دەکرێــت لــە زمانەکانــی تــردا و بــە چ بوجــە و کەناڵێــك ئــەم ئیشــە ئەنجامــدەدەن. ئیــدی بێبــاك لــەوەی ئــەدەب ئەرکــی چیــە و واقیعــی کۆمەڵایەتــی چیــی لێدێــت. وەك بڵێــی گــەر لــە واقیعــدا شکســتمان هێنــا، ئیــتر تاکــە پەنــا، شــارە خەیاڵییــەکان و شــوێنە یۆتۆپییەکانــی نــاو ئەدەبــە. ئەوەشــی جێــی ســەرســوڕمانە گــەر لــە زۆرینــەی ئــەم ئەدیبانــە بپرســیت بۆچــی بــڕوات بــە سۆســیالیزم نیــە، یەکســەر پێــت دەڵێــن: تــۆ دوای خەیــاڵات و یۆتۆپیــا کەوتوویــت!

دکتــۆر شــاکری(کە لــە خــوارەوە لینکەکــە دانــراوە)، لــە زۆرێکــمان واقیعبینــترە. شــاکری لــەوە تێگەیشــتووە، ئەدیبــەکان چــۆن زۆرجــار تووشــی ئایدیاڵیــزم و هەڵهاتــن لــە واقیــع دەبنــەوە. چــۆن ڕۆمانــەکان دەتوانــن کارەکتــەری گەنجــەکان داگیربکــەن و لــەو تەمەنــەدا بیانکەنــە کۆمەڵێــك مەخلوقاتــی خەمــۆك و پاســیڤ و دواجاریــش قۆشــمە.

لــە پنتێکــی زۆر شــاراوەوە، قۆشــمەیی ئێســتا بەرهەمــی چەنــد جۆرێکــی ئەدەبــە. قۆشــمەیی گاڵتەکردنــە بــە خوێنــی ئــەو گەنجانــەی کــە لــە خۆپیشــاندانەکاندا مێشــکیان تەقێنــرا. ئــەوەی شــکۆی بەخشــیوەتە بەرخۆدانــی باکــور، لەڕوویەکــەوە پەیوەندیــی بــەوەوە هەیــە کــە قۆشــمەیی و فیشــقیاتی کۆمەڵایەتیــی تیــا نیــە و ڕێــز لــە قوربانییەکانیــان دەگــرن

# 5

# From the Absurdity to Resistance

Waleed Omer